
ڕیپۆرتاژێك دەربارەی
ئیعدام
هاوار محەمەد
didimn.com

"ناتوانین تاوتوێی مەسەلەی حوکمی ئیعدام لە ڕۆژئاوا بکەین، ناتوانین کۆڵەکە قوولەکانی ببینین، ئەگەر بێتو ئەو گوتارە تیۆلۆژی - سیاسییە لەبەرچاو نەگرین کە لە ڕیشەکانیدا پەنهانە... چونکە هەمیشە حوکمی ئیعدام لەژێر کاریگەریی هاوپەیمانیی پەیامی ئایینی و سەروەریی دەوڵەتدا کارا دەبێت."

ژاک دێریدا
حوکمەکانی ئیعدام،
لە کتێبی: چی دەربارەی سبەینێ؟

## یاسای تۆڵە

ماوەیەک لەمەوبەر دادگای کینیا سزای ئیعدامی بەسەر "وروس کاماند"ی شاجوانی وڵاتەکەدا سەپاند. جیسی لیسیت، دادوەری دادگای باڵای کینیا ڕای گەیاند: "دەمەوێت ئەو پەیامە بە گەنجان بگەیەنم، کە بە هیچ شێوەیەک دادگا لە کەس خۆش نابێت کە تاوانی کوشتن ئەنجام بدات، ئەو تاوانە لێخۆشبوونی بۆ نییە." هەڵبەت کاماندی هاوڕێ کوڕەکەی خۆی بە چەقۆ کوشتبوو. قسەکەی جیسی لیست جێگای سەرنجە: "دادگا بە هیچ شێوەیەک لە تاوانی کوشتن خۆش نابێت." بە چی لێی خۆش نابێت؟ دیارە بە کوشتنەوەی بکوژ، بە وەرگرتنەوەی ژیان لەو کەسەی ژیانی لە کەسێکی دیکە سەندووەتەوە. ئەمە فۆڕمە هەرە سەرەتایی و

تەقلیدییەکەی عەدالەتی "قەرەبووسەندنەوە"یە لە تاوانبار لە بەرامبەر تاوانەکەیدا. هەمان یاسای "تۆڵە" کە ڕیشەیەکی ئیبراهیمی و بگرە سەرەتاییتریشی هەیە: "چاو بە چاو، دان بە دان"ی نێو یاساکانی حاموورابی. تۆڵەش تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگە پێشمۆدێرنەکاندا کاری کردووە، واتە لە کۆمەڵگە فیودالی و خێڵەکی و نەریتییەکاندا. بە شێوەیەکی ئاسایی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە پێشمۆدێرنەکانی وەکو "هۆز"، "تیرە"، "خێڵ"، "عەشیرەت" و "ناوچە" کاتێک کەسێکیان لێ کوژراوە، یان دەستدرێژییەکی دیکە کراوەتە سەریان، هەمان کاریان ئەنجام داوەتەوە (هەندێک جار بە زیادەیەکیشەوە).

لە سەردەمی مۆدێرنەدا ڕێسای تۆڵە کۆتایی نایەت، بەڵکو بە شێوەیەکی هاوچەرخ ڕێک دەخرێت و بکەری دیکەی نوێ کارەکە دەگرنە دەست، یان باشتر بڵێین "میدیۆمێک" دێتە ناوەوە کە هەر زوو ترانسێندنتاڵ دەبێتەوە و خۆی وەک میدیۆم هەڵدەوەشێنێتەوە، دەبێتە

لایەنی سەرەکیی تاوانلێکراو؛ ئەم میدیۆمە "دەوڵەت"ی مۆدێرنە کە جیاوازە لە فۆڕمە سیاسییەکانی پێشتر. دەوڵەت وەک پێکهاتەیەکی نوێی سیاسی – کۆمەڵایەتی، دەبێتە ڕێکخەری یەکەم و سەرەکیی کۆمەڵگە، سەپێنەری یاسا، ڕاگری ئارامیی کۆمەڵگە. بۆیە یاسای تۆڵە وەک فۆڕمێکی سەرەتایی عەدالەت کە دەگوازرێتەوە بۆ نێو مۆدێرنە و دەکەوێتە دەستی دەوڵەت، گۆڕانی بەسەردا دێت، بەو مانایەی چیتر تۆڵەسەندنەوەیەکی ساکاری نێوان دوو بنەماڵە یان دوو لایەن نییە کە بە شێوەیەکی غەریزی هێرش دەبەنە سەر یەکتر، یان لە ڕێگەی قازییەکەوە هەق لە یەکتر وەردەگرنەوە، بەڵکو لەبری غەریزە، یاسا و دادوەر، بە پاساوی عەقڵانی و دەقی نووسراو، کارەکە ڕێک دەخات و میکانیزمەکان دیاری دەکات. لەمەوە لایەنەکانیش دەگۆڕێن. ئەوەی تاوانی لێ کراوە بە تەواوەتی کەیسەکەی دەسپێرێتە هێزێکی لە خۆی گەورەتر و دەیکاتە نوێنەر و قسەکەری خۆی، دواتر ئەم نوێنەرە دەبێتە قسەکەری ڕەها

به ناوی سەرجەم کۆمەڵگە و مافەوە، نەک تەنها بە ناوی بنەماڵەی تاوانلێکراوەوە. بەم جۆرە تاوانەکە دەکەوێتە نێوان دوو لایەنی ناهەوسەنگەوە: دەوڵەت - تاوانبار (کەسی تاوانبار). بەم مانایە لە مۆدێرنەدا یاسای تۆڵە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بەڵام بە جۆرێکی دیکە و بە نێوانگیرییەک کە خۆی لە نێوانگیری زیاترە، هەروەها بە نێو ئاڵۆزیی دیکەشدا تێدەپەڕیت، کە لەم وتارەدا هەندێک لە ڕەهەندەکانی باس دەکەین.

ئەلبێر کامۆ دروست بۆ ئەمە چووە کاتێک باس لەوە دەکات کە یاسای تۆڵەسەندنەوە ( *the law of retaliation*) پەیوەندیی بە سروشت و غەریزەوە هەیە نەک بە یاساوە، چونکە گریمانەی یاسا، یان چاوەڕوانی لە یاسا، ئەوەیە چاکسازی لە غەریزەدا بکات نەک بەرهەمی بهێنێتەوە. کامۆ لە وتارێکی درێژیدا بە ناونیشانی "تێڕامانەکان لە مەقسەڵە" (*Reflections on the guillotine*) ئەوە ڕوون

دەکاتەوە کە تۆڵە بە تۆڵە دەشێت تەنیاوتەنیا لە نێوان دوو تاکەکەسدا ئیش بکات، کە یەکێکیان ***بە تەواوەتی بێتاوان*** و ئەوی تریان ***بە تەواوەتی تاوانبار*** بن، بەڵام پرسیاری کامۆ ئەوەیە: ئایا لە کەیسێکدا کە کۆمەڵگە یان دەوڵەت ئەم فۆڕمە سەرەتاییەی تۆڵەیان دەوێت، دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە بێتاوانن؟ دەتوانین پرسیارەکەی کامۆ ئاوا دابڕێژینەوە: ئایا تاوان کردەیەکی بە تەواوەتی سوبێکتیڤە کە تاوانبار تەنها بە پاڵنەر و غەریزە ناوەکییەکانی خۆی حەز لە ئەنجامدانی تاوان دەکات بەرامبەر کەسێکی کۆنکریت یان مەعنەوی (دەوڵەت – کۆمەڵگە)، یاخود هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانن لە دۆخێکی تایبەتیدا، دەبنە ئەنگێزەی دەرەکی و سەرەکی بۆ تاوان؟ ئەم پرسیارە دەچێتە نێو پرسیارێکی دێرین و تەقلیدیی نێو میراتی فەلسەفەشەوە: ئایا مرۆڤ بە سروشتی خۆی خراپەکارە یان چاکەکار؟ تاوتوێکردنی ئەم پرسیارە و بەستنەوەی بە

واقیعە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی سەرەتاکانی مۆدێرنە و فیکری بۆرژوازییەوە، هەر لە ماکیاڤیللی و تۆماس مۆرەوە بە تێپەڕین بە تۆماس هۆبزدا تاوەکو دەگات بە هیگڵ، بابەتی سەرەکیی توێژینەوە گرنگەکەی ماکس هۆرکایمەرە بە ناونیشانی "ئەنانیەت و بزاوتەکانی ڕزگاری". کاری هۆرکاریمەر لەو توێژینەوەیەدا دووبارەکردنەوەی پرسیارەکە و گەڕان نییە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا، پتر ئەو لە نێو واقیعی مۆدێرنەدا بە دوای تویژاڵەکانی ئەو زەمینەیەدا دەگەڕێت کە وای کرد لە نێو فیکری بۆرژوازیدا ئەم پرسیارە ببێتە بابەتی گفتوگۆی چڕ و بەریەککەوتنی ئایدیاکان، سەرەتا ڕوونەکەیشی لەو قۆناغە نوێیەی دوای سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە بەریەککەوتنی ئایدیای ماکیاڤیللی و ئایدیای تۆماس مۆردا (دەربارەی یۆتۆپیا) بەرجەستە دەبێت. لە بەشێکی تویژینەوەکەیدا هۆرکایمەر باس لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئەرگومێنتە فیکرییانە دەکات کە پێشزەمینەی تاوانەکانی

سەردەمی دوای شۆڕشی فەڕەنسی و خودی دەوڵەت و ڕۆبسپییریش بوون؛ بە دیوەکەی دیکەشدا باس لەوە دەکات کە لەو قۆناغەدا مەعریفە دەربارەی خودی مرۆڤ و کەشفکردنی خۆی دەبێتە یەکێک لە مەسەلەکانی سروشت، بەم جۆرە مرۆڤ توانای خۆی بۆ گۆڕان و بزوان هەست پێ دەکات و دەیەوێت نەخش و دەوری لەسەر جیهانەکەی هەبێت. لەم دیدە دیالەکتیکییەوە هۆرکاریمەر پرسیارە تەقلیدییەکەی چاکی و خراپیی مرۆڤ بۆ ئەوە ناخاتەوە ڕوو کە لایەنگیریی یەکێک لەو دوو بەرەیە بکات، بەڵکو ئەو باس لە "ئەنانیەت"ێک دەکات کە لەگەڵ هەلومەرجی چینایەتی و ویستی باڵادەستیدا بە یەکدا چووە، دژایەتیکردنی ئەم ئەنانیەتەش پەیوەستە بە ویژدانی جەمعییەوە نەک بە ویستی تاکەکانەوە. بە هەرحاڵ، گەر یاسای تۆڵە بەو جۆرە بێت کە کامۆ لە وتارەکەیدا باسی دەکات و ئەم یاسایەش تەنها لەو دۆخەدا ڕاست بێت کە کەسێک بە تەواوەتی تاوانبار بێت و ئەوی تر

بە تەواوەتی بێتاوان، ئەوا کەواتە دەوڵەتی مۆدێرن کاتێک کار بە یاسای ئیعدام دەکات، هەر لە بنەڕەتەوە گریمانەی بێتاوانیی ڕەهای کۆمەڵگە و دەوڵەتی کردووە بەرامبەر تاوانبارێک کە بە ڕەهایی تاوانبارە، ڕێک بە هۆی سروشتی خۆیەوە، چونکە دەوڵەت تێپەڕینە لە سروشتە خراپەکارییەکەی ئینسان بۆ دۆخی شارستانیەت، لە بەربەریەت بۆ مەدەنیەت. ئەوەشی ئەم کۆنتراکتە پێشێل بکات ئەوا تاوانەکەی تەنها لە ئەستۆی خۆیەتی. بە مانایەکی تر، مرۆڤ دەتوانێت بەشێک لە خواستە سروشتییەکانی خۆی ڕابگرێت، بەڵام لە ڕێگەی دەوڵەتەوە. کوشتنەوەی بکوژ خواستی سروشتیی مرۆییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەسەڵاتانەی دۆخی سروشتی سپێرراوە بە دەوڵەت، کەواتە تەنها دەوڵەت مافی هەیە بەگوێرەی یاسایەک کە لە سروشتی مرۆییەوە نزیک بێت (بەبێ ئەوەی لە دۆخی سروشتیی بەربەرییەوە نزیک بێت) مامەڵە لەگەڵ کوشتندا بکات. بۆیە بە بڕوای کامۆ یاسادانەران بە ناوی

سروشتی مرۆییەوە یاسا هەڵدەهێنجێنن، بەلام لە ڕاستیدا یاسا هەمیشە ساکارترە لە سروشت[ی مرۆڤ]، یاسا ناتوانێت ئالۆزییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاریکاییەکانی ئاگایی (یان نائاگایی) لەبەرچاو بگرێت. یاسا گریمانەی هاوسەنگیی هێزەکانی ناو مرۆڤ دەکات، گریمانەی سروشتێکی جێگیر، بەڵام هێزەکان و غەریزەکان لە سروشتی مرۆییدا هاوسەنگ و جێگیر نین، جاری وا هەیە یەکێکیان دەتەقێتەوە و هەژموون لەسەر هەموو هێزەکانی تر دەکات (بۆ نموونە عەشق، کینە، میهرەبانی، تووڕەیی، برسێتی، ترس، چێژ...). ئەگەر تاوانبار بەم جۆرە گریمانە بکرێت، کەواتە کوشتنیشی زەروورەتە بۆ ئەوەی دەوڵەت پارێزگاری لە دۆخی مەدەنی بکات. بەم جۆرە ئیعدام وەک کارێکی "نابەدڵ" و نەخوازراوی دەوڵەت پیشان دەدرێت، کارێک کە دەوڵەت بە ناچاری و لەسەر بنچینەی هاوسەنگیی هێزە ناوەکییەکانی مرۆڤ دەستی بۆ دەبات؛ کامۆ ناو لەمە دەنێت " *regrettable*

*necessity*" [زەرورەتی ئەسەفهێن و جێگای داخ]. بەم ڕیتۆریکە یاسادانەران تەمی گومان و دوودڵی لەسەر پیادەکردنی ئیعدام لە لایەن دەوڵەتەوە دەڕەوێننەوە و پەیوەندی لە نێوان تاوان و قەنارەدا بەرقەرار دەکەن. بە گوتەی کامۆ "مەقسەڵە هەیە، لەولاشەوە تاوان هەیە: لە نێوان ئەم دوانەدا هیچ پەیوەندییەکی ڕوون بوونی نییە، تەنها پەیوەندیی یاسا نەبێت". لێرەدا قەرەبووکردنەوەی تاوان تەنها لە ڕێگەی مەرگەوەیە، واتە وەرگرتنەوەی ڕەهای ژیان لە کەسە تاوانبارەکە (یان لەوەی تۆمەتێک تاوانبار کراوە)؛ گەر ئەمە مانایەکی هەبێت، هەر ئەوەیە کە یاسا پێوانەی ژیان دەکات، واتە شتێک کە لە خودی ژیان خۆی کەمترە. بەم پێیە یاسا تەنیا لەسەر فاکتێک، یان ڕووداوێکی ڕابردوو لێپێچینەوە ناکات، بەڵکو بۆ تاوانە گریمانەییەکانی داهاتوویشە. یاسا سزای تاوانبارەکان دەدات تەنیا لەسەر ئەو تاوانانە نا کە لە ڕابردوودا کردوویانە، بەڵکو تۆڵەی ئەو تاوانانەیشیان لێدەکاتەوە کە لە داهاتوودان، ئەو

تاوانانەی هێشتا نەیانکردوون و دەشێت بیانکەن. گەر کەسێک بە کوشتن تۆمەتبار بێت، ئەوا کوشتنەوەی بکوژ ڕۆحی کوژراو ناگەڕێتەوە و هیچ شتێکیش لەو واقیعە هەنوکەییەی کۆمەڵگە ناگۆڕێت کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە و کۆتایی هاتووە، بەڵکو سزاکە بۆ ئەوەیە کە "ئەگەر بکوژ نەکوژرێت دەشێت کەسێکی دیکەیش بکوژێت". ئەم ڕەهەندە پێشبینیکارییەی یاسا هەمیشە سزا بۆ ئەو تاوانانە دادەنێت کە لە داهاتوودان و ناتوانێت بە جۆرێکی دیکە ڕێگرییان لێ بکات. ئیعدام تۆڵەی هەردوو تاوانەکەیە. ئەمە گریمانەی "تاوانی هێزەکی" (بالقوە) یان "تاوانباری هێزەکی" دەکات. ئیعدام بۆ ئەوەیە ئەم توانا هێزەکییە نەبێت بە کردار. بۆیە کامۆ هەر لەو وتارەیدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرپەڕاندن تەنیا بۆ سزا نییە، بەڵکو بۆ ترساندنیشە، بۆ ئەوەیە تاوانبارانی هێزەکی ئەو سەر و جەستەیە بە ئاسمانەوە ببینین و چارەنووسی خۆیان لەبەرچاو بێت.

## مافی مەرگ/مافی لێخۆشبوون

بەشداریی فەیلەسووفی فەڕەنسی ژاک دێریدا لە دۆزی ئیعدامدا، بەشداریی زۆروزەبەند و فراوان و ئێجگار گرنگە. تا ئێستا هیچ فەیلەسووفێک هێندەی دێریدا گرنگیی بەم کێشەیە نەداوە و بە ئەندازەی ئەو چڕوپڕ کاری لەسەر نەکردووە. بەرهەمی ئەو لەم بارەیەوە زنجیرەیەک وانەوتارە کە لە ماوەی دوو ساڵدا پێشکەشی کردوون، لەگەڵ دەیان کۆڕ و سیمینار و چاوپێکەوتن لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، لە پاڵ ئەمەدا کاری مەیدانی و پراکتیکییشی لەسەر ئەم پرسە کردووە و هەڵوێستی دژ بە سزای ئیعدام هەبووە، بەڵام هەڵوێستێکی هەڵقوڵاوی فیکر و ئایدیاکان، بە دەربڕینی تەحەفوز و خۆپارێزییەوە لێرە و

لەوێ دەرهەق بە هەندێک کێشەی فەلسەفیی نێو ئەم پرسە، کە تا ئێستا نە بۆ ئەو و نە بۆ هیچ کەسێکی تریش ساغ نەبوونەوە. دیارە بەشی زۆری وانەوتارەکانی دێریدا سەبارەت بە ئیعدام لە دوو بەرگدا چاپ بووە، کە هەریەکیان زیاتر لە ٣٠٠ لاپەڕەن. من لێرەدا خوێندنەوە بۆ فیکری دێریدا ناکەم، بەڵکو مەبەستمە هەندێک سەرنج لەسەر ئیعدام لە ڕوانگەی دێریداوە دەرببڕم.

بەلای دێریداوە مەسەلەی ئیعدام لە نێو لۆژیکی سەروەریدایە (*soverignty*) و لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات کە حاکم (سەروەر) مافی ژیان و مردن، مافی بەخشینی ژیان و وەرگرتنەوەی ژیانی بە دەستە. ڕیشەکانی سەروەری (حاکمیەت) وا لە نێو فەرمانەکانی خودادا کە دواجار لە جەستەی پیرۆزی پاشادا بەرجەستە دەبێت. جەستەیەکی پیرۆز کە دەبێت هەموو جەستەکانی تر ڕۆڵی ئەندامی بۆ بگێڕن و پێیەوە بلکێنەوە. ئەم ڕیشەیەی سەروەری لە نێو مۆدێرنەدا سێکیۆلاریزە دەبێت، بەڵام ناوکە

تیۆلۆژییەکەی خۆی دەپارێزێت. وەک کارڵ شمیت دەڵێت، تیۆریی مۆدێرنە هەموو چەمکە تیۆلۆژییەکانی سێکیۆلاریزە کردووە. بۆیە ئەم جەستە پیرۆزە چیتر جەستەی مەسیح نییە، بەڵکو مەلیک یان "دەوڵەت"ە، یان مەلیک – دەوڵەتە، بە گشتی واتە تیۆلۆژیای سیاسی. بە بڕوای دێریدا تیۆلۆژیای سیاسی، سیستەم و بنەمایەکی سەروەرییە کە سزای ئیعدام تێیدا ئیش دەکات و لە هەر کوێ تیۆلۆژیای سیاسی هەبێت، لەوێ ئیعدام هەیە. بۆ نموونە دەوڵەتانی ئایینە ئیبراهیمییەکان دەوڵەتانی سەروەرین و حوکمی ژیان و مەرگ دەدەن بەسەر مرۆڤەکاندا. گەر لە ڕیزبەندیی ئەو وڵاتانە بڕوانین کە زۆرترین سزای ئیعدامیان تێدا جێبەجێ دەکرێت، دەبینین ئەوانەن وا ئایین تێیاندا وەک بنەوانێکی سەرەکی ئیش دەکات. چین و ئەمەریکا و کۆماری ئیسلامی و سعودیەی عەرەبی، هەرهەموویان دەوڵەتانی سۆڤەرینی خاوەن تیۆلۆژیای سیاسیی تایبەت بە خۆیانن، ئایین و سیاسەت بە جۆرێکی زەق

تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکترین. لە ڕواڵەتدا دوانیان سێکیولارن و دوانیان ئایینی، بەڵام بە ئەندازەی ئەوەی سێکیولاریزم ئایین دنیایی دەکاتەوە، ئایینیش بە هەمان ئەندازە سیاسەت تیۆلۆژی دەکاتەوە. لەبەر ئەمەیە لە یەک کاتی نزیکی یەکتردا، ئەمەریکا لە دادگای تەکساسەوە، سزای ئیعدامی بەسەر عەلی مەحموود عۆز عەرسانی بە ڕەچەڵەک ئوردنیدا سەپاند، کە وەک پەنابەر لەو وڵاتە دەژی و تۆمەتبارە بە کوشتنی سێ کەس؛ سعودیەش هەمان سزای بۆ ئیسرا غەمغامی چالاکوانی مەدەنی و بەشداربووی بەرچاوی خۆپیشاندانەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری وڵاتەکەیدا سەپاند؛ ئێرانیش بڕیاری ئیعدامی بەسەر ڕامین حسێن پەناهی و هاوڕێکانیدا سەپاند و لە چەند ڕۆژی پێشوودا سزاکەی جێبەجێ کرد.

ئەم جۆرە دەوڵەتە ئیبراهیمییانە فەرمانی "بکوژە" و "مەکوژە"یان لەدەستدایە، مادام هەردوو فەرمانەکەیان پێیە ئەوا لای ئەوان وەسێتی "مەکوژە" لە دە وەسێتەکەی مووسادا

لێکدژ نییە لەگەڵ ئیعدامدا. گەر بە پێچەوانەشەوە بیلێین هەر هەمان شتە، فەرمانی "بکوژە" لەگەڵ کوشتنێکدا کە وەسیێتەکان قەدەغەی دەکەن، لێکدژ نییە، بەڵکو دوو ڕێگای جیاوازی کوشتنن: یەکەمیان کوشتنی یاسایی و ئەوی تریان کوشتنی توندوتیژانە. فەرمانی "بکوژە" لەسەر کەسێک جێبەجێ دەکرێت کە فەرمانی "مەکوژە"ی شکاندبێت، ئەمەش لە قسەکەی جێیسی لیستدا بە تەواوەتی دیارە: "دەوڵەت لە هیچ کەسێک خۆش نابێت کە تاوانی کوشتنی ئەنجام دابێت." بەڵام ئەوەی دواجار ئەو تاکە کوشتنە ڕەوایە ئەنجام دەدات، کێیە؟ تیۆلۆژیای سیاسییە کە دەوڵەت فۆڕمە مۆدێرنەکەیەتی. لە نێو ئەم دەوڵەتەدا سزاکان چیتر بە فەرمانی وەسیێتەکان جێبەجێ ناکرێن، بەڵکو لە یاسای سزادانی دەستووریدا دیاری دەکرێن. لەمەشدا دەوڵەت تاکە بکەرە کە مۆنۆپۆڵی توندوتیژیی ڕەوا دەکات و هەر توندوتیژییەکی دیکە بە تاوانێکی وەها لەقەڵەم

دەدات کە پێویستە بە توندوتیژی ڕووبەڕووی ببێتەوە.
دێریدا بە بە پەیڕەوکردن لە "ڕەخنەی توندوتیژی"ی ڤالْتەر بنیامین، لە پەیوەندیی ئاوێتەیی نێوان توندوتیژی و یاسا، نێوان تاوان و ڕێچارە یاساییەکانی تێدەگات. یاسا ***"سزای ئیعدامی دادوەرانە"*** و ***"سزای ئیعدامی نادادوەرانە"*** لێک جودا دەکاتەوە. بەلای دێریداوە، ئیعدام وەک جۆرێک توندوتیژیی یاسایی وەدەگیرێت، کە جوداکردنەوەی "عەدالەت و تۆڵە" پەک دەخات؛ عەدالەت دەبێتە فۆڕمێکی مۆڕاڵیزەکراوی یاسای تۆڵە. کاتێک دەوڵەت دەکوژێت و پاساو بۆ کردارەکانی دەهێنێتەوە، ئیدی ***"توندوتیژیی یاسایی"*** جیاوازیی نامێنێت لەگەڵ ***"توندوتیژیی نایاسایی"***دا، ڕێک لەو پنتەدا کە هەموو توندوتیژییەک بۆ دەوڵەت بە ڕەوا دەزانێت. بە دەربڕینێکی تر، یاسا بە فۆڕمێکی مۆڕاڵی و ڕێکخراو هەر ئەوە بەرهەم دەهێنێتەوە کە لە نەبوونی یاسادا هەبووە. مادام دەوڵەت (یان

حاکم) مافی کوشتن بۆ خۆی مۆنۆپۆڵ دەکات، ئەوا مافی لێخۆشبوونیش هەر بۆ خۆی مۆنۆپۆڵ دەکات. بە ڕوونی لە پێناسەی سەروەرێتیدا دەردەکەوێت کە حاکم مافی ژیان و مردنی بە دەستە، مومارەسەی ئەم مافە مۆنۆپۆڵکراوەش دەکات و دەیسەپێنێت. لەمەشدا بە ڕوونی دەسەڵاتی خودایانەی حاکم دەردەکەوێت، کە مانای تێکەڵبوونی ئایین و سیاسەتە. لێخۆشبوون تەنها لە دەسەڵاتی خوداوەندداییە، خۆی مافی هەیە قسەی خۆی هەڵبپەسێرێت. لێخۆشبوونی خودا لە داود نموونەیەکی باشە: داود دوو تاوانی گەورە دەکات: زینا (تەورات: ساموێلی دووەم، ١١: ١- ٥.) و کوشتن (ساموێلی دووەم، ١١: ١٤-٢٧، ١٢: ٩)، کە بەگوێرەی فەرمانەکانی خۆی، دەبوو داود بە ئیعدام سزا بدرێتەوە. خوداوەند داود دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی خودا مافی ئاوارتەی هەیە و دەتوانێت چاوپۆشی لە تاوانەکانی هەندێک کەس کە خۆی دەیەوێن، بکات (ساموێلی دووەم، ١٢: ١٣-١٥).

بواری لێخۆشبوون بە پاڵنەری ئیمان و میانڕەویی ئایینی، لە نێو ئیماندارانی میللیدا فەزیلەتێکی گەورە نییە تاوەکو بنەماڵەیەک لە یەکێکی دیکە خۆش ببێت کە کەسێکی لێ کوشتوون، چونکە هەر بە سادەیی ئەوان ئەم مافە تەنها لە قودرەتی خودادا دەبینن. بۆ نموونە لە دۆخی کۆمەڵگەیەکی باوەڕداری وەک کوردستاندا زۆر جار کوشتار و دوژمنایەتییەکان گەورەتر دەبێت، لە شەڕی سادەی دوو کەسەوە دەبێتە شەڕی دوو بنەماڵە و عەشیرەت. ئاشتەوایی و سوڵحیش یان بە هۆی هەستی خێڵەکییەوەیە، یانیش بە پاڵنەری بەرژەوەندی و دەستکەوتی مادییە و لەم دۆخەشدا، کورد وتەنی، کۆنەڕق هەر دەمێنێت. ئاوەها، ئەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی لێخۆشبوونی هەیە دەوڵەتە، حاکمیەتێک کە پەیوەندیی بە خوداوە نەپچڕاوە. کەواتە قسەی دادوەرە بالاکەی کینیا زۆریش ڕاست نییە کە دەڵێت: "دەوڵەت بە هیچ جۆرێک لە کەس خۆش نابێت." وەک چۆن سەپاندنی مەرگ بەشێکە لە

مافی حاکم، لێخۆشبوون و بەخشینەوەی ژیانیش بەشێکە لە هەمان ماف کە دەوڵەتی سۆڤەرین مومارەسەی دەکات. "عافوات"ەکانی سەدام حسێن و هاوشێوەکانی لە هەموو دنیادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە و هەبووە بە تایبەتییش لە دەوڵەتانی سەدەی بیستدا. "عافوات" بەرجەستەکەری مومارەسەی لۆژیکی سەروەری بوو لە لایەن حاکمەوە، کە خاوەنی جەستە و وشەی پیرۆز بوو. ساڵ و نیوێکیش لەمەوبەر بە هەمان شێوە، بە بڕیاری سەرۆکی ئەوکاتی هەرێم، مەسعوود بارزانی، پەرلەمان یاسای لێخۆشبوونی زیندانییانی پەسەند کرد کە ڕێژەیەک لە ئازادکراوەکان لەوانە بوون وا تاوانی کوشتنیان ئەنجام دابوو. بەڵام لێخۆشبوون هەم لە دەرەوەی یاسایە و هەم سەر بە یاسایە، لە سەرووی یاساوەیە و سەر بە یاسا خۆیشیەتی. وەک دێریدا دەڵێت، "ئاوارتە یاسای لێخۆشبوونە". لە وانەوتاری دووەمدا، کە لە وانەوتاری سێیەم و پێنجەمیشدا دەگەڕێتەوە بۆی، دێریدا بە خوێندنەوەی

شمیت، باس لەوە دەکات کە حاکم مافی ئاوارتەی بە دەستە. هەموو لێخۆشبوونێک ئاوارتەی ڕێسا گشتییەکە، بەڵام دەبێت یاساییش بێت: *"ئاوارتە لە ڕێسا، ئاوارتە کە جەخت لەسەر ڕێسا دەکاتەوە".* ئەمە هیترۆژینیەتی نێو یاسایە. دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەم بابەتە.

## ئیعدام، خۆکوشتن، یوسەنەیژیا

بە بڕوای میشێل فوکۆ، لەگەڵ تەکنیکە نوێیەکانی دیسپلین و کۆنترۆڵدا، لۆژیکی دەوڵەت لە سەروەرێتییەوە دەگۆڕێت بۆ حکومەتمەندی *Governmentality*. حاکم کە مافی مردن و ژیانی بە دەستە، لەوەدایە خۆی سەری بپەڕێنرێت و حکومەت جێگای بگرێتەوە. ئەم گۆڕانە، لابەلابوونەوەیە لە زۆر شتی دیکەشدا. لەم قۆناغە نوێیەدا سزای ئەشکەنجە و ئیعدامی شانۆیی و نمایشیانە بەرەو کۆتایی دەڕوات و لەبری ئەوە تەکنیکەکانی کۆنترۆڵ و سوبێکتسازی (وەک قوتابخانە و چاکسازیخانە و نەخۆشخانە و...) لە نێو ژیاندا چالاک دەبن. ئەم فۆڕمە نوێیەی بەڕێوەبردن لە ڕواڵەتدا بە دوای پلەی سفری مردندا دەگەڕێت و دەرکەوتە هەرە زەقەکەیشی لە "کۆما"دا بەرجەستە دەبێت. کۆما هێشتنەوەی ژیانە و هەوڵە بۆ پلەی سفری مردن بە هەر نرخێک بووبێت، کەواتە دەسەڵاتی کۆنترۆڵ، وەک فوکۆ دەڵێت،

ڕاستەوخۆ لەسەر ژیان مومارەسە دەکرێت کە ئەو ناوی دەنێت "بایۆ – دەسەڵات". بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی پاراستنی ژیان لەژێر کۆمادا، شتێکی دیکەش پەرە دەستێنێت کە پێی دەگوترێت "مەرگی ئاسان (*Euthanasia*)". یوسەنەیژیا بڕیاری مەرگی ئەو کەسەیە کە لە کۆمادایە، یان ئەوەی بە جۆرێکی چارەهەڵنەگر نەخۆشە، مەرگێک لە ڕێگەی دەرزی یان جۆرە دەرمانێکی پزیشکییەوە و لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بە شێوەیەکی یاسایی و بە ڕازامەندیی نەخۆش یان کەسی یەکەمی نەخۆشەکە بە بێ ئازار، ئەنجام دەدرێت. کۆما و یوسەنەیژیا وێڕای ئەوەی بابەتی گفتوگۆیەکی چڕی ئەخلاقین، هاوکات مەسەلەیەکی سەختی یاساییشن (کە ئەم وتارە جێگای ئەوەی تێدا نابێتەوە). مەبەستمە بڵێم *لە ڕوانگەی فوکۆوە بدوێین مەرگ لە دواین ڕادەی خۆیدا، لە ئیعدامەوە دەبێتە مەرگی ئاسان.* ئیعدام نوێنەرەوەی لۆژیکی دەسەڵاتی سەروەرێتییە و مەرگی ئاسان نوێنەرەوەی

دەسەڵاتی کۆنترۆڵە لە فۆڕمە حکومەتمەندییەکەیدا. ئیعدام لە دەرەوەی ڕەزامەندیی بنەماڵە و خێزانی سزادراوەکەیە و مەرگێکی سەختە کە مردن بە زەق و ڕەقی خۆی پیشان دەدات؛ دێریدا دەڵێت: "ئەستەمیی هەڵبژاردنی ئیعدام ئەوەیە کە مەحکوومکراوەکە کاتی مردنەکەی دیاری کراوە و زانراوە، لە لایەن ئەوانی ترەوە ڕێک خراوە. ئەوەی ئیعدام دەکرێت دەزانێت ئەگەر ئیعدام نەکرێت دەتوانێت زیاتر بژی." جیاوازیی ئەمە لەگەڵ "خۆکوشتن"دا ئەوەیە، کە ئەمەی دووەمیان بڕیارێکی فەردییە و بە ویستی ئەو کەسە خۆیەتی وا خۆی دەکوژێت، جا پاڵنەرەکانی هەرچییەک بن. ئەوەی خۆی دەکوژێت بڕیار دەدات تەحەمولی ترس و ئازاری مردنی خۆی بکات لەبەر ئەوەی تەحەمولی شتێکی دیکە ناکات. مارکس پێی وایە خۆکوشتنیش لەژێر فشاری کۆمەڵایەتی و دەروونیدا، هەر ئیعدامە؛ لەمەدا مارکس زۆر دەقیق نییە. خۆکوشتن تەنها لەو کاتەدا دەبێتە ئیعدام کە کەسێک لەژێر

جەبری ڕاستەوخۆدا ناچار بە خۆکوشتن بکرێت، بۆ نموونە مەرگی سوکرات. سوکرات لە لایەن دادگای شارەوە بە ئیعدام مەحکووم دەکرێت، ئەویش خواردنەوەی پەرداخێک پرۆتانیۆن هەڵدەبژێرێت. خۆکوشتن (ئینتیحار) هەرگیز ئیعدام نییە، تەنانەت ئەگەر بۆ خۆکوشتنەکە پەت یان بە فیشەکیش بە کار بهێنرێت. ئەوەی خۆی هەڵدەواسێت هەر بە سادەیی خۆی کوشتووە، بەو مانایەی "خۆ-ئیعدامکردن" لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو تاکەکەسەیە وا دەیەوێت خۆی بکوژێت. گەر لە زمانی ئینگلیزیدا سەیری وشەی "*execution*" بکەین، ئەوا بە مانای "ئیعدام، جێبەجێکردن، ڕاپەڕاند"یش دێت، کە ئەمە لە یاسای سزادانددا دەبێتە جێبەجێکردنی حوکمی مردن ( *The Death Penalty*) یان سزای لەسێدارەدان (*Capital punishment*). لە زمانی عەرەبییشدا وشەی "إعدام" ناوە و کردارەکەی دەبێت "أعدم، يعدم: أعدم القاتل أي نفذ فيه حكم الموت قصاصا": ناوی بکەر، "إسم فاعل"ەکەشی

دەبێتە "عادم". ئەم مانایانە هەموو دەرەکییە و حزووری هێزێکی دیکەی دەخوازێت کە "عەدەم" دەسەپێنێت. لە داتاشراوی "إنعدم"ەدا وا دەردەکەوێت کردارەکە سوبێکتیڤ بێت؛ "إنعدم، ینعدم، إنعداما فهو منعدم" کە "إنعدام" لەسەر وەزنی "إنفعال"ە و هاوشێوەی "إنتحار"ە. بۆ نموونە "إنعدم الأمن" واتە ئاسایش و ئارامی نەما، لە زمانی کوردیدا تەقریبەن چاوگەکەی بە مانای "نەمان" دێت، وەک بڵێیت "کتێبەکە نەما". بەڵام کردارەکە پەیوەست نییە بە خودی بکەرەکەوە کە کتێبەکەیە، کتێب ناتوانێت خۆی نەمێنێت (هەڵبەت لە ئاستی فەلسەفیدا ئەمە کێشەیەکی قووڵە، ئاخۆ شتێک دەتوانێت بە کرداری خۆی خۆی بخاتەوە عەدەم؟ یان چۆن لە قسەکەی هایدیگەر تێبگەین: "العدم یتعادم"؟ بۆیە لێرەدا وشە عەرەبییەکان بە کار دەهێنم، چونکە ئاپۆریا فیکرییەکە ڕوونتر تێیدا دەردەکەوێت، هەر لەبەر ئەمەشە لە باسەکەماندا لەجیاتیی وشەکانی "سێدارە، قەنارە، لەداردان"، وشە

عەرەبییەکەی "ئیعدام"مان بە کار هێناوەتەوە). بە کورتی ئیعدام دەرەکییە و دەسەپێنرێت و لە دەرەوەی ویستی سزادراوەکەیە. ڕەنگە ئەوەی سزا دەدرێت، ئامادەیی بۆی هەبێت و بە پاڵنەر یان بنەمایەک کە لە ژیاندا بڕوای پێیەتی، پێشبینیی ئەوەی کردبێت کە کردارەکەی بە تاوان لەقەڵەم دەدرێت و دەشێت ئیعدامی بە دواوە بێت، بەڵام بڕیاری خودی کرداری ئیعدام خۆی بۆ خۆی نایدات، دەنا گەر وا بێت، دەبێتە "ئینتیحار". لەبەر ئەم هۆکارانە دەتوانین ناو لە "ئیعدام" بنێین ***"مەرگی سەخت"***، وەک مەرگێکی جیاواز لە خۆکوشتن کە مەرگێکی خۆویستانەیە، ئینجا وەک بەرامبەرێکیش بۆ یوسەنەیژیا کە ***"مەرگی ئاسان"*** و بە بەزەییانەیە. یوسەنەیژیا بە پێچەوانەی ئیعدام و جیاواز لە خۆکوشتن، پێش هەموو شتێک ڕەزامەندیی خێزانی نەخۆشەکەی لەسەرە و سنووری ژیان و مەرگ تێیدا لە یەک نزیکە، بە تایبەت بۆ ئەو نەخۆشانەی لە کۆمادان، بۆیە تەنها پێویستی بە جورعەیەکی ساکارە تا ئەم

سنووره بە تەواوی هەڵبگیررێت، ئەم کارەش بە تەکنیکی پزیشکی ئەنجام دەدرێت کە مردن بە شێنەیی و شاراوەیی کەسەکە "نەجات" دەدات. ئاوا ئیعدام جۆرێکە لە لەنێوبردن و یوسەنەیژیا (لە ڕواڵەتدا) جۆرێکە لە ڕزگارکردن. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، لەم سەردەمەی سڕینەوەی سنووری نێوان شتەکاندا، ئەم دوو جۆرە مردنە هەتا بێت زیاتر جیاوازییەکانی نێوانیان لا دەبرێن؛ لە داهاتوویەکی نزیکدا بە تەکنیکە پزیشکییەکان ئیعدام خۆیشی ئاسان دەکرێتەوە، هەمان ئەو شتەی دێریدا ناوی دەنێت "پاکژکردنەوەی حوکمی ئیعدام". لەم دواییانەدا لە ئەمەریکا هەندێک حاڵەتی ئیعدام، دوای سڕکردنی تاوانبارەکە، بە دەرزیی کوشندە ئەنجام دران؛ ئەگەرچی ئەمە بابەتێکی ئاڵۆزە، بەڵام بە وردبوونەوەمان لەم سەردەمە، دەتوانین ئەنجامگیری ئەوە بکەین داهاتووی ئیعدام خۆیشی بەرەو مەرگی ئاسان دەڕوات. ئەم مەرگی ئاسانە ئازارەکانی مردن کەم ناکاتەوە، پتر ئامرازە تەقلیدییەکانی وەک

مەقسەڵە و شمشێر و پەت لە کار دەخات؛ بە گشتی، ڕێوڕەسم و ڕیتواڵەکانی ئەنجامدانی ئیعدام دەسڕێتەوە.

## ئیعدام لە شاشەکانەوە

دێریدا هاوڕای فوکۆیە لەوەدا کە ئیعدامی شانۆییانە پاشەکشە دەکات و چیتر شانۆ بۆ مەرگ دانانرێت (ئەلبێر کامۆیش هەمان بۆچوونی هەیە)، بەڵام لای دێریدا هێشتا ئەوەی کار دەکات، لۆژیکی سەروەرێتییە بەو تەکنیکانەوە کە فوکۆ دەربارەی حکومەتمەندی باسیان دەکات. ڕاستە ئیعدام لەسەر شانۆ و شوێنی گشتیدا بەو زەقییە خۆی پیشان نادات کە دەسەڵاتی پادشایەتی و جەستەی پیرۆزی ئیپمڕاتۆر دەیخواست، بەڵام لە شوێنی دیکەی زۆر فراوانەوە بڵاو دەکرێتەوە کە تەکنیکەکانی بینینە. تەلەڤیزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بەسەر کایەی بینیندا هێناوە و لە تیاتریکەوە کردوویانە بە سینەماتیک. ئەم ڤیرچواڵیزەیشن (*virtualization*)ـە ڕێکارەکانی مردنی تێکەڵ بە تەکنیکەکانی بینین کردووە،

یان وەک دێریدا دەڵێت، "مێژووی یاسا و مێژووی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیگیری، مێژووی دادوەری و مێژووی ماشێنی زانیاری (یان ئینفۆرمەیشنەڵ)یان تێهەڵکێشی یەکتر کردووە". پیشاندانی ڕاستەوخۆی ئیعدام ڕەنگە وەک کامۆ دەڵێت، بۆ ئەوە بوو‌بێت ترس بخاتە دڵی تاوانبارە هێزەکییەکانەوە، بەڵام ئەگەری تەقینەوە و تووڕەبوونیشی تێدا بووە. نمایشی شانۆیی مەرگ هەمیشە بەو جۆرە ناڕوات کە دەرهێنەری شانۆکە دەیەوێت، لانیکەم ئیمکانی بۆ ئەوە هێشتووەتەوە بینەران شانۆکە تێک بدەن؛ لەم دۆخەدا مەرگ خۆی نابێتە مایەی ترساندن، بەڵکو دەبێتە مایەی شکانی ترس. لە ئێستادا میدیای فەرمی، سیاسەتی فەرمی دەگوازێتەوە و لێرەولەوێ هەواڵی حوکمی ئیعدام و جێبەجێکردنی سزا بەسەر تاوانباراندا دەگوازنەوە. بۆ میدیای نافەرمییش پەراوێزێکی فراوان هەیە کە ئەگەرچی دەسەڵاتیش بە شێوازی جۆراوجۆر خزاوەتە نێویەوە، بەڵام هێشتا پانتاییەکە بۆ نارەزایەتی دژ بە

هەواڵەکانی میدیای فەرمی و هەندێک جاریش زانیاریی ئەوتۆی تێدا بڵاو دەبێتەوە، کە سیاسەتی فەرمی حەز بە بڵاوبوونەوەیان ناکات؛ بەڵام ئەم هەواڵانە لە نێو زۆریی زانیارییەکانی دیکەدا ون دەبن. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا تەلە-تەکنیکەکانی بینین کە لەمڕۆدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و یووتیوب و ئینستاگرامدا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بەرفراوان، ئەم ئیمکانەیان تێدایە کە دیمەنی ئیعدام بکەنە ئەنگێزەی نارەزایەتی؟
گەر بە تیۆرییەکەی هابەرماس خوێندنەوە و هەڵسەندنگاندن بۆ تۆڕەکانی پەیوەندیگیری و سۆشیال میدیا بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئامرازەکانی پەیوەندیگیری شیمانەی ئەوەیان هەیە بەشدار بن لە بەسیاسیکردنەوەی گەنجان و ئاسانکردنی زەمینەی گفتوگۆدا. ئەو ئومێدی وا بوو لە ڕێگەی پەیوەندیگیریی نادەسەڵاتخوازانە و یەکسانەوە، گفتوگۆی عەقڵانیی هەمەلایەن بەرپا ببێت و لەمیانی گفتوگۆکەوە حەقیقەت خۆی دەربخات. ئەم

پرۆسەیە ویستی شۆڕشگێڕبوون دەپارێزێت، چونکە دەستەجەمعییە و گرووپەکان ئامانجیان گەیشتنە بە حەقیقەت. سەرەتای شۆڕشە عەرەبییەکان لە توونسەوە (کە بە خۆسووتاندنی بوعەزیزی دەستی پێ کرد)، ئەم تێزە تەواو تۆخ بووەوە و نووسەرێکی وەک جۆرج تەڕابیشی لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی تەکنۆلۆژیا جێگای ئایدیۆلۆژیای گرتووەتەوە، بەڵام شۆڕشگێڕەکان ئەڵتەرناتیڤ و بەرنامەی ڕوونی سیاسییان نەبووە. بۆ ئەوەی زۆر لە بابەتەکە دوور نەکەوینەوە، پێچێک لێ دەدەین و دەگەڕێینەوە سەر مەبەستەکەمان. دێریدا بە شێوازی خۆی لە ئیمکانی ئەم تەلە تەکنیکییانە نائومێد نییە، بەڵام بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وەک هابەرماس زۆریش گەشبین نییە؛ یان باشتر بڵێین دێریدا ڕادیکاڵیزمی ئەم تەکینکانە لە شوێنێکی تردا دەبینێت کە زۆر جیاوازە لە ڕوانینە ڕاستەوخۆ و سادەکەی هابەرماس.

بە بڕوای دێریدا بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارە بێشومارەی ڤیدیۆی دیمەکانی ئیعدام و

کارەساتەکانی دیکە، هێشتاش هەر پەیوەندیی بە بینینی دیمەنی نمایشییەوە هەیە، بە نەقسی شتێک و ئیزافەی شتێکی دیکەوە. ***لە لایەک***، لە بینینی شاشەییدا ئێمە ڕاستەوخۆ دیمەنەکە نابینین، کەمێک دوورین لەو کاریگەرییە دەروونییەی کە دەشێت لە نزیکەوە بینینی ڕووداوەکە بیخاتە سەرمان. کەوایە بڕێکیش لەو تۆقین و شڵەژانە کەم دەبێتەوە کە لە تەماشاکردنی ڕاستەوخۆدا دروست دەبێت؛ بەم جۆرە لە شاشەدا ئیعدام هەندێک لە زبرییەکەی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە کردەیەکی نەرمتر. دووبارەبوونەوەی بەردەوامیش کاڵتری دەکاتەوە. ***لە لایەکی تر***، شاشە بڕێک چێژیش بۆ سەر دیمەنەکە زیاد دەکات کە چێژی بینینە بە شاراوەیی و دوور لە چاوی ئەوانی دیکە، زۆر جار ئێمە کە بە تەنیاین چەندین جار تەماشای دیمەنە تۆقێنەرەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، دووبارە تەماشایان دەکەینەوە و چێژی لی دەبینین، هەندێک خۆراک بە سادیزم یان ماسۆشیزمی خۆمان

دەدەین. لەمڕۆدا هەموو شتێک دێتە نێو فەزای مەجازییەوە و لە شاشەکانەوە پیشان دەدرێت، بۆیە ناتوانین لە جیهانی شاشەکان دوور بکەوینەوە. ژان بۆدیار بۆ ئەمە ناوێکی هەیە: *"پۆرنۆگرافیا"*.

هێشتا ئەم بابەتە ڕەهەندی تریشی هەیە، کە لە ڕووداوی ئیعدامکردنی ڕامیندا بە ڕوونی دەرکەوت. هەر لە سەرەتاوە هەواڵەکانی حوکم و سزای ئیعدام بەسەر ڕامیندا بە خێرایی لە فەزای مەجازی و جیهانی شاشەدا بڵاو بوونەوە، سەدان وێنەی ڕامین لەسەر پرۆفایلەکان دانران، وێنەکان کران بە ڕەمزی پرۆتستۆکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە سەرزەنشتەوە ناوی "کۆماری سێدارە" گوترایەوە، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاوپشتی دروست کراو و ڕێکخراوە جیهانییەکان ئاگادار کرانەوە، چەند ڕۆژیک بەر لە جێبەجێکردنی حوکمەکەش کورتەپەیامێکی ڤیدیۆیی ڕامین لە سۆشیال میدیادا بڵاو بووەوە (پەیامی پێش مەرگ لە ڕووی فیکرییەوە ئاڵۆزە،

بە تایبەتیش لەمڕۆدا کە تێکەڵ بەم فەزا مەجازییە بووە)؛ دواجار ڕامین لە سێدارە درا و خەڵکیش دڵگەرمتر هەڵوێستی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەربڕی. بەڵام وەک هەموان دەڵێن، ئەم هەڵوێستانە هەنگاوی کرداری نین و پاش ماوەیەک هەموو شتێک دەڕەوێتەوە و کەسیش بیر لە ڕامین ناکاتەوە. کە گوێمان لەم قسەیە دەبێت، ناتوانین بیر لە پرسە (ماتەم) نەکەینەوە، وەک بڵێیت فەزای مەجازی (*syberspace*) ڕۆڵی ماتەم دەگێڕێت بۆ مردوو. پرسە یان ماتەم، پرۆسەی قبووڵکردنی مەرگی مردووەکەیە لە ڕێگەی نکۆڵی لێکردنیەوە، هەوڵێکە بۆ دەرکردنە دەرەوەی ئازاری غیابی ڕەهای ئەویتر و ڕەواندنەوەی ئەو شۆکەی کە ئەویتر چیتر لێرە نییە، لەم کردەیەشدا مردووەکە دەهێنمە ناوەوەم، لە خۆمدا دەینوێنمەوە و "ئەویترێتی"یەکەی دەیسڕمەوە، دێریدا ناو لەمە دەنێت "نەرسیزاسیۆنی ئەویتر". ئەمەش لەبری ئەوەی وەفا بێت، جۆرێک لە بێوەفاییە. بە یەک وشە ماتەم پرۆسەی

لەبیرکردنی ئەویترە لەو ڕێگەیەوە کە بیکەمە بەشێک لە "من" (بۆ نموونە "هەموومان ڕامینین"). ئایا ئەوەی لە فەزای مەجازیدا دوای ئیعدامی ڕامین کرا، جۆرێک بوو لە ماتەم؟ بێگومان هەموان لەو فەزایەدا هەستی غەمگینانەی خۆیان دەربڕی، هەندێکیش گوزارشتیان لە هەڵچوونی ناخ و تووڕەیی خۆیان کرد، بەڵام ئەگەر فەزای مەجازی پانتایی ماتەمگێڕی بێت، ئەی داخۆ دەشێت شکست بهێنێت و ببێتە ماخولیا؟ بەگوێرەی تەفسیری فرۆید شکستی ماتەم بۆ لەبیرکردن دەبێتە ماخولیا بۆ ئوبێکتی لەدەستچوو، دەبێتە غەمگینیی درێژخایەن بۆ ئەو شتەی کە چیتر لێرە نییە. گەر بەم لۆژیکەی ماتەم و ماخولیا لە فەزای مەجازی بڕوانین، ئەوا وێنەی کارەسات و جەنگ و لەسێدارەدراوان چەندە زۆریش بن، هێشتا چاوەڕوانیی ئەوە لەم فەزایە ناکرێت هیچ بەشدارییەکی لە نارەزایەتیدا هەبێت، چونکە یان دەبێتە پرۆسەی لەبیرکردن یان دەبێتە ماخولیا. بەڵام لەم سەردەمەدا شتەکان هەروا سادە و

یەکدیو نین، چیتر لەبیرکردن و ماخولیا دوو پرۆسەی جودا نین، لە دەروونی سوبێکتدا زۆر شت پێکەوە تێکەڵ بوون، چونکە ژینگەی سوبێکتەکانیش وەک جاران خێزانی و سادە نەماوەتەوە. ئێستا سەردەمی ئوبێکتە زۆرەکانە، بەڵام ئوبێکتە کۆنەکانیش بە جۆری تر و لە شێوەی تازەباو و ئوبێکتی نوێدا دێنەوە، بۆیە بە تەواوی لە دەست ناچن، یان بە چەمکی دێریدا قسە بکەین، ئێمە لە سەردەمی "تارماییەکان"دا دەژین، مردووەکان لە شێوەی مەسخبووی خێوەکان، ڤامپایەرەکان، زۆمبییەکاندا دەگەڕێنەوە. هێشتا فەزای مەجازی هەموو ئیمکانەکانی خۆی دەرنەخستووە، بۆیە ڕەنگە ئەو کاتە ڕادیکاڵ ببێتەوە کە ماتەم و ماخولیا پێکەوە شکست بهێنن و تارماییەکان وەک ڕۆحی باوکی هاملێت بگەڕێنەوە. کتومت ئەمە دیوە ڕادیکاڵەکەی تەکنیکە سایبەرییەکانە کە دێریدا تیۆریزەی کردووە و هابەرماس بەلایدا نەچووە.

## تاوان وەک قەرز

جودیت باتلەر، بە گەڕانەوەی بۆ نیچە لە ڕێگەی دیڕیداوە، "تاوان وەک قەرز" ڕاڤە دەکات. ئەوەی تاوانی کردووە قەرزدارە. قەرز پەیوەستە بە کۆنتراکتەوە، ئەم کۆنتراکتە دەشێت جوزئی و بچووک بێت، بەڵام هەموو کۆنتراکتە بچووکەکان لە نێو چوارچێوەیەکی گەورەتر و گشتیتردان کە "پەیمانی کۆمەڵایەتی"یە. بە بۆچوونی نیچەش پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای گرێبەستی بازرگانی دامەزراوە کە قەرز (*debt*) ڕۆڵێکی سەنترالّی تێدا دەگێڕێت. نیچە لە بەشی دووەمی جینالۆژیای ئەخلاقدا باس لەوە دەکات "تاوان"

وەک چەمکیکی گەورەی ئەخلاقی لە چەمکێکی زۆر ماتریالّیی وەک "قەرز"ەوە سەری هەڵداوە. ئەو دەقانەی نیچە کە دێریدا بۆیان دەگەڕێتەوە ڕاستەوخۆ لەبارەی ئیعدامەوە نادوێن، بەڵام وەک دێریدا دەڵێت، "مەرجەکانی دۆکترینی دادوەری سزای ئیعدامن". بە بڕوای نیچە سزادان وەک فۆڕمی بەرجەستەکردنی عەدالەت لە بەرامبەر زیانێکدا کە کەسی تاوانبار پێمانی دەگەیەنێت، ڕیشەکەی وا لەو بۆچوونەدا کە پێی وایە هەموو زیانێک لە واقیعدا بەرامبەرێکی هەیە، "ئازاردان" یان "سزا"ی ئەو کەسەی زیانەکەی گەیاندووە، شێوە بەرامبەرێکە بۆ زیانەکە کاتێک تاوانبارەکە نەتوانێت یان ڕێی نەدرێت بە جۆرێکی تر قەرەبووی زیانەکە بکاتەوە. ئەم ئایدیایە هێزی خۆی لە پەیوەندیی گرێبەستانەی نێوان "قەرزدەر" و "قەرزدار"ەوە وەردەگرێت، لە بەڵێنێکەوە کە بۆ دانەوەی قەرزەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو لایەنەکەوە، واتە هەمان ئەو وەعدەی لە "بازرگانەکەی ڤینیسیا"ی شەکسپیردا ئەنتۆنیۆ بە شایلۆکی

دەدات. باتلەر پێی وایە وەعد بریتییە لەوەی "من متمانەم بە خۆم هەبێت و جێگای متمانەی ئەوانی تریش بم"، ئەم متمانە دوولایەنەیە ئیلتیزامی خۆمە بە ئەرکێکەوە کە دەیخەمە ئەستۆی خۆم، حسابی ئەوانی تریشە لەسەر من؛ بە مانایەکی تر وەعد ئەوەیە لە خۆم ڕاببینم و ئەوانی تریش لێم ڕاببینن. نیچە دەڵێت: "قەرزدار بۆ ئەوەی متمانە دەرهەق بە وەعدەکەی بۆ گەڕانەوەی قەرزەکە دروست بکات، بۆ ئەوەی زەمانەتی جیدیەت و پیرۆزیی بەڵێنەکەی بکات... لای قەرزدەر گرەوی ئەوە دەکات کە ئەگەر نەیتوانی وەفای بۆ بەڵێنەکەی هەبێت، ئەوا بە شتێکی دیکە کە هێشتا 'هەیەتی' و لە ژێردەستی خۆیدایە، قەرەبوو[ی قەرزەکەی] بکاتەوە. بۆ نموونە بە جەستەی خۆی، یان ژنەکەی، یاخود ئازادییەکەی و بگرە بە ژیانیشی." هەموو کات قەرزدار ناتوانێت قەرزەکە بگەڕێنێتەوە، لە بەرامبەردا قەرزدەر شتێکی دیکە وەردەگرێت لەجیاتیی قەرەبووی ڕاستەوخۆ و هاوشێوەی قەرزەکەی، شتێکی

وەک ئاسوودەیی دەروونی، سەرگەرمی، چێژی سێکسی، یاخود چێژی ئازاردان و ستەم، بۆ نموونە لێکردنەوەی پارچەیەک جەستەی ئەنتۆنیۆ لە لایەن شایلۆکەوە تاوەکو کینە و سادیزمێک دەرهەق بە ئەنتۆنیۆ هەیەتی، تێر بکات. لێرەدا دەرەنجامە گرنگەکەی نیچە ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو سزایەوە وا قەرزدەر بەسەر قەرزداریدا دەهێنێت، قەرزدەر دەبێتە بەشدار لە خاوەنداریێتیی مافی سەردارەکاندا. بە بڕوای دێریدا وەختێک قەرزدەر پەیوەست نابێت بە بەڵێنەکەیەوە بۆ دانەوەی ئەوەی لایەتی، ئەوا یاسا تەدەخول دەکات تاوەکو مافی خاوەن قەرزەکە وەربگرێتەوە، بەڵام بۆ شتێکی تریش تەدەخول دەکات: پاراستنی خۆی. بە دەستوەردانی یاسا، تاوانبار و خاوەن ماف دیاری دەکرێن، زیان و سزا پێوانە دەکرێن، ئەمەش بۆ هێشتنەوەی کارایی یاسا خۆیەتی، چونکە دواجار لەو دۆخەدا کە قەرزەکە وەک خۆی و لە کاتی دیاریکراوی خۆی و بە شێوەی هەژمار و حیسابی خۆی نادرێتەوە، ئیدی

هەرگیز نادرێتەوە، جا قەرزدارەکە هەر باجێکیش لەم پێناوەدا بدات و قەرزدەرەکەش هەرچییەکی دەست بکەوێت. بۆ نموونە گەر خیانەت لە شۆڕش (جا ئەم خیانەتە بە هەر پێوەرێک و لەسەر هەر بنەمایەک دیاری کرابێت) جۆرێک بێت لە شکاندنی بەڵێن و قەرز، ئەوا بە سزای کوشتن و لەسێدارەدانی خیانەتکارانیش هێشتا قەرزەکە نادرێتەوە و هیچ پاکبوونەوەیەک ڕوو نادات. خیانەتکار دوای ئەوەی بە مردنیش باجەکەی دەدات، هەر خیانەتکارە. بە مانایەکی تر، گەر قەرز دەقیق وەک خۆی و بە هەمان ماتریاڵی خۆی، لە وەخت و حیسابی دیاریکراوی خۆیدا نەدرێتەوە، هەرگیز نادرێتەوە. بۆیە یاسا شتیکی دیکە دەگەڕێنێتەوە نەک هەمان شت. لەم کاتەدا کێشەی پێوانەکردنی تاوان و سزا سەرهەڵدەدات. چۆن و بە چی ئەو قەرزەی وا نەدراوەتەوە بە شتێکی دیکە بیپێوین؟ چۆن هاوتایی لە نێوانیاندا دیاری بکەین؟ بە مانایەکی تر، چۆن بزانین دزینی قوتوویەک شیر بایی

دوو ساڵ زیندانییە؟ باتلەر پێی وایە زیندان لەسەر مۆدێلی قەرزی کۆمەڵایەتی دروست کراوە، بە جۆرێک کە حوکم دەبێتە ئامرازی ڕێکخستن و درێژکردنەوەی ماوەی قەرەبووی قەرزەکە. ئیعدام لە یاسای سزاداندا سەر بە هەمان مۆدێلە، بەگوێرەی ئەم مۆدێلە تاوانبار قەرزێکی نەبڕاوەی بەرامبەر کۆمەڵگە دەکەوێتە سەر، لە بەرامبەردا بەهادارترین و پڕترین شتی لێ وەردەگیررێتەوە کە هەیبێت، واتە ژیانی. ئایا ژیان قەرەبوو دەکاتەوە؟ ڕەنگە هێشتاش کەم بهێنێت (جاری وا هەیە لە دادگایی تاوانبارە فرەکەیسەکاندا، سزای ١٥٠ ساڵ، یان ٤٠ ساڵ زیندانی و سزای لەسێدارەدان پێکەوە بۆ تاوانبارێکی دیاریکراو دەردەچێت، لە کاتێکدا هەموان دەتوانن ئەوە بخەملێنن کە دەشێت زیندانییەکە چەند ساڵێکی کەم بژی. لەم دۆخەدا تاوانبار پێویستی بە چەند ژیانی دیکەیە تاوەکو پاکبوونەوە بە دەست بهێنێت، ئەمەش مەحاڵە)، چونکە بەو جۆرەی نیچە باسی دەکات، خاسیەتی قەرزی نەدراوە ئەوەیە تا ناکۆتا

کەڵەکە دەبێت، هەتا وای لێ دێت ژیانیش تەنها دەتوانێت بەشێکی بداتەوە، بە ناواخنکردنەوەی ئەم حوکمەش بۆ نێو دەروونی تاکەکەس "ویژدانی بیمار" و بۆ نێو دەروونی کۆمەڵ "کۆ-ویژدانی بیمار" دروست دەبێت.
وێڕای حزووری یاسا بۆ سەپاندنی سزاکان، لای نیچە یاساکان ئەو ئەسڵە نین کە دڵڕەقی بەرامبەر ژیان مومارەسە دەکەن، بگرە ئیعدامیش سزایەکی ئەسڵی نییە، بەڵکو بەشێکە لە دڵڕەقییەکی گشتی کە لە نێو خودی ژیان خۆیدایە. سادیزمی ژیان لە یاساوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو یاسا خۆی کەناڵێکی مومارەسەکردنی سادیزمە. لای نیچە دڵڕەقی لە جەللادەوە سەرچاوە ناگرێت، ژیان هەر لە بنەڕەتەوە هێشتا لە دڕەندەییە ئاژەڵییەکەی دانەبڕاوە و دڵڕەقانەیە، ئیعدام پلەیەکی بەرزی زنجیرەیەک سزا و ئەشکەنجەیە کە سەر بە ژیانە. بەم مانایە دەکرێت ئیعدام لە دەرەوەی یاساش تەفسیر بکرێت و بگرە سەر بە پێش مێژووش بێت، بەڵام بێگومان نیشانەی لەسەر

یاساش جێ هێشتووه (لێرەدا باتلەر دەگەڕێتەوە بۆ فرۆید تاوەکو لە پاڵنەری مەرگەوە تێزەکەی نیچە تەفسیر بکات، بەڵام ئەم لایەنە بەجێ دەهێڵین بۆ ئەوەی وتارەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە).

## ئیعدام و تلیاک

لە مەسەلەی حوکمی ئیعدامدا قەرزدەر کێیە و قەرزار کێیە؟ ئایا دەکرێت بە دروستی پێوانەی تاوان و سزا بکەین؟ کێ قەرز چەندقات دەکاتەوە تاوەکو دەگات بە ئیعدام؟ بەگوێرەی تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەو کەسەی لە پەیمانەکە دەربچێت، تاوانبارە. لای تۆماس هۆبز لیڤیاسان ئەو هێزە باڵایەیە کە بە دەستی ئاسنینەوە پەیمانەکە دەپارێزێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە حاڵەتی مەدەنیدا بمێنێتەوە، پێویستە زەبروزەنگە سروشتییەکەی بەرز بکرێتەوە و بدرێتە دەستێکی متمانەپێکراو کە لە کاتی پێویستدا بە کاری بهێنێت، تاوەکو کەس لا نەدات و غەریزە سروشتییەکانی بەسەر ئەوانی تردا زاڵ نەکات. لیڤیاسان، کە لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، کۆمەڵگە لە خۆیدا قووت

دەدات؛ کۆمەڵگە بوونێکی سەربەخۆی لە دەرەوەی لیڤیاسان نییە. تاوان بەرامبەر هەر لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی تاوانە بەرامبەر قسە و سەروەریی لیڤیاسان و لەکەدارکردنی حاکمیەتیی ئەوە، چونکە لیڤیاسان فرەحاکمی و پاشاگەردانی ناخوازێت. بەگوێرەی ئەم بنەمایە، هیچ ململانێیەک لە نێوان کۆمەڵگە و لیڤیاساندا نییە. ئەی لە کوێدایە؟ وا لە نێوان نەزم و بێنەزمی، لە نێوان ملکەچی و لاداندا. تاکەکان نابێت لا بدەن و نەزم تێک بدەن. لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەت ڕێکخەر و پارێزەری کۆمەڵگەیە و نەزمپارێزە، ئەوانەیش کە لادەدەن و دژایەتی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەکەن تاوانبارن. ئەم تاوانەیان جیاوازە لەو تاوانەش وا بەرامبەر جەستە و کەسایەتی یان موڵکوماڵی کەسێک دەکرێت. کێشە و زیادەڕۆییەکانی نێوان تاکەکەس و خێزانە کۆنکریتەکان ڕۆژانە هەر ڕوو دەدات، لە وەها دۆخێکدا پەنا بۆ دەوڵەت دەبرێت و کێشەکە چارەسەر دەکات؛ یاخود یاسا، لە ڕووی پرەنسیپەوە، تەدەخول دەکات و

ماف بۆ مافخوراو دەگێڕێتەوە. تاوانبارە گەورەکان ئەمانە نین، ئەوانەن وا دەستدرێژی دەکەنە سەر سەروەریی دەوڵەت، هەر ئەوانەشن ئاسایش و نەزم تێک دەدەن. قسەیەکی سەدام حسێنم بیر کەوتەوە، دوای ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست شتێکی لەم جۆرە دەڵێت: "من دڵێکی میهرەبانم هەیە و ناخم بۆ مێرووولەیەکیش دەبزوێت، بەڵام بەقەد گەردێک ڕەحم بەوانە ناکەم کە دژی شۆڕش دەوەستنەوە." لە فەرهەنگی ئەودا، "شۆڕش" واتە دەوڵەتی کودەتاکەی حیزبی بەعس. هەموو ئیعدام و زەبروزەنگەکانی حیزبی بەعس بۆ سەلماندنی ئەم گوتەیە بوو. ئەمە نموونەیەکە بۆ تاوانێک کە لێخۆشبوونی نییە، قەرزێکی ئەوەندە گەورە کە نادرێتەوە بە وەرگرتنەوەی ژیان نەبێت، بگرە بە ژیانیش نادرێتەوە. لێرەدا شتێک هەیە لە ژیانی کەسەکان گرنگتر و بەهادارتر، ئەویش نەزم و ئاسایشە. پاساوی دادگای باڵای سعودیە بۆ ئیعدامکردنی ئیسرا غەمغام ئەوەیە، تاوانی دژی دەوڵەت ئەنجام

داوە و خەڵکی هان داوە بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی. پاساوێکی تەقلیدی و کارا کە زۆربەی زۆری دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان و ئەو دەوڵەتانەی هێشتاش حوکمی ئیعدامیان تێدا هەڵنەگیراوە، بە کاری دەهێنن، هەر بۆ لەنێوبردنی نەیارە سیاسییەکانیان نا، بەڵکو بۆ لەنێوبردنی ئەو چالاکانەشی کە بە شێوەیەکی مەدەنی ناڕەزایەتی دەردەبڕن.
تۆمەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئیعدامە زۆروزەبەندەکانی، دەقاودەق هەر ئەوەی سعودیەیە. سەیریش نییە ئەم دوو دەوڵەتە ئایینییە جودا مەزهەبە دژیەکە (لە ئاستی فۆڕماڵدا)، هەردووکیان هەمان پاساویان بۆ حوکمی ئیعدامەکانیان هەبێت، هەردووکیشیان لە ترۆپکی لیستی ئەو دەوڵەتانەدا بن کە زۆرترین ڕێژەی ئیعدامیان تێدا ئەنجام دەدرێت.
لە کەیسەکەی ڕامیندا، دادگا بە تۆمەتی دژایەتیی دەوڵەت و ئەندامبوون لە پارتێکی نەیاری دەسەڵات، حوکمەکەی دەرکرد. وێڕای داوای نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی

لێبوردنی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی سزاکە، ئێران سزاکەی سەرسەختانە جێبەجێ کرد، چونکە ڕامین ڕاستەوخۆ تاوانی بەرامبەر خودی کۆمار ئەنجام دابوو. "پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی" (ئەم تێرمە لە فەرهەنگی دەزگا ئەمنییەکاندا زۆر جیاوازە لە ئاسایش و ئارامیی ڕاستەقینە) ترسناکترین پاساوە بۆ ئیشکردن بە حوکمی ئیعدام. ڕاستە لە وڵاتێکی وەک ئەمەریکادا بۆ حاڵەتی کێشە مەدەنییەکانیش، ئیش بە دەقە یاساییەکانی ئیعدام دەکرێت، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ئیشکردن بە دەقەکانی ئیعدام بۆ حاڵەتە ناسیاسییەکان (بۆ نموونە لە حاڵەتی وەک بازرگانیکردن بە تلیاکدا) تەنها فێڵێکە بۆ شاردنەوەی ئامانجی ڕاستەقینەی ئیشکردن بەو دەقانە. لە ئێران هەندێک لە نەیارە سیاسییەکان، یان هەندێک لەو کەسانەی جێگای گومانن، بە تۆمەتی تلیاکفرۆشی و کێشەی تری کۆمەڵایەتی ئیعدام دەکرێن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٧ی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییش، ئیعدامکردن بە هۆی

باکگراوندی تلیاکەوە ڕێژەیەکی زۆری ئیعدامەکانی ئێران و مالیزیا پێک دەهێنێت. دیارە ڕاپۆرتەکە داتاکانی لە دەزگا فەرمییەکانەوە کۆ کردووەتەوە، بۆیە دیوە سیاسییەکەی مەسەلە نابینێت. کەواتە لەمەدا تەنگژەیەک هەیە: پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە وڵاتێکدا کە تلیاکفرۆشتن سزاکەی ئیعدام بێت، هێشتاش مادە هۆشبەرەکان جەستەی کۆمەڵگە دەتەنن و ڕێژەیەکی زۆری گەنجان ئالوودە دەبن؟ بۆچی لە پاڵ ئیعدامەوە ئالوودەبوونیش گەشە دەکات؟ لە یەکەم نیگادا ئەمە وەک پارادۆکس دەردەکەوێت، بەڵام هەندێک وردەکاریی زیاتر هەن: هەموان لە ئێران دەزانن دەسەڵات تەنها لەگەڵ کەیسە سیاسییەکاندا جیدییە، بۆیە قەزیەی تلیاک لە پەراوێزی کەیسی سیاسیدا دەخوێنرێتەوە، تەنها لەم حاڵەتەدایە تلیاکیش دەبێتە قەزیەیەکی جیدیی دادوەری. بەم مانایە، هێڵی سووری دەوڵەت تلیاک نییە، بەڵکو سیاسەتە. ئەی کەواتە بۆچی سوبێکتەکان خۆیان بە تلیاک وێران دەکەن؟

مەسەلەکە بە سادەیی هەر ئەوە نییە تلیاک لە ئێران ئاسانتر لە وڵاتانی تر دەست دەکەوێت، بە پێچەوانەوە، لە هەندێک وڵاتی ئەورووپیدا ئاسانتر و بەبێ سزایەکی ئەوتۆش تلیاک دەست دەکەوێت، کەچی ڕێژەی ئالوودەبوون تێیاندا کەمترە لە هیی ئێران. مەسەلەکە بۆ سوبێکتەکان تۆزێک نائاگایانەیە. ئەوان نائومێدن لەوەی بتوانن ئەو دۆخە باوە بگۆڕن کە هەیە، بۆیە ئەو توندوتیژییەی کە دەبێت ئاڕاستەی دەوڵەتی بکەن، ئاڕاستەی خۆیانی دەکەنەوە و پەرە بە سینیزمی بەنگکێشی دەدەن. ڕەنگە ئەمە تاکە ڕێگەی سیاسەت بێت کە بۆ ئەوان مابێتەوە؛ وەختێک دەزانن هێڵی ڕەقی دەوڵەت هەیە و گەر ببنە سوبێکتی سیاسی، ئیعدام چاوەڕوانیانە، ئەوا سینیزم وەک ڕێگەیەکی هەڵهاتن هەڵدەبژێرن. ئەم ڕێگەی هەڵهاتنە حوکمی ئیعدام وەک پارێزبەندییەکی گشتی پەک دەخات. ڕەنگە لە هەندێک بەستێندا سینیزم ڕادیکاڵ بکەوێتەوە، بە تایبەت وەختێک کە هەموان داوای جیدیبوونی

زیاد لە ڕادە و پەیوەستبوونی زۆرت لێ دەکەن. لەم کاتەدا نەختێک قۆشمەیی سینیکی دەشێت هەموو شتێک تێک بدات. وێڕای ئەمەش سوبێکتەکان هەمیشە بە خواستی خۆیان سینیزم هەڵنابژێرن، ئەوە زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە باوەکەیە دەیانکاتە سینیک. لێرەدا ئەگەر چەمکێک لە فریدریک جەیمسن قەرز بکەم، دەڵێم سینیزم جۆرێکە لە "نائاگایی سیاسی". بەڵام هەروەها جۆرێکە لە "سیاسەتی نائاگایانە"ش. هەردوو دیوەکەش پێکەوە بەستراون. بە دیوی یەکەمیاندا ئالوودەبوون بەرهەمی چەپاندن و دوورخستنەوەیە و لە نائاگایی سیاسەتی فەرمییەوە دێتە دەرێ (ڕەنگە بە پاڵنەری بەرژەوەندی، دەسەڵاتدارانیش ڕێی بۆ خۆش بکەن). بە دیوەکەی دیکەدا، خۆی دەبێتەوە بە سیاسەتی نائاگایانە دژ بەوەی دروستی کردووە، بەڵام ئەم دژایەتییە بەسەر خۆیدا هەڵگەڕاوەتەوە و سوبێکت لەسەر خۆی مومارەسەی دەکات، تاوەکو وەک بابەتی دەسەڵات خۆی بسڕێتەوە؛

بە مانایەکی تر، سوبێکت خۆی وێران دەکات، بۆ ئەوەی وێڕان نەکرێت. دەیەوێت خۆی لە سەرجەم ئەو قەرزە مادی و مەعنەوییانە ڕزگار بکات کە خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت خستوویانەتە سەری، تاوەکو ببێتە کەسێک چاوەڕوانیی هیچ شتێکی لی نەکرێت. دەرزییەکانی مادە هۆشبەرەکان دەرزیی بەرگرین بە ڕووی هێزێکدا کە بەردەوام ژەهر دەنێرێت، بەڵام دواجار ئەم مادە بەرگرییانە خۆیان هەمان ئەو وەزیفەیە ئەنجام دەدەن کە ژەهرەکە دەتوانێت بیکات. لەم دۆخی نائومێدییەدا تلیاک دەبێتە جێگرەوەی سیاسەت. ئیعدام دەکەوێتە کوێی ئەم باسەوە؟ ئێمە گوتمان لە ئێران دەوڵەت کەیسی تلیاک تەنها لە پاشکۆی سیاسەتدا دەبینێت و ئیعدامیش قەزیەیەکی بە پلەی ئیمتیاز سیاسییە. کەواتە ئەگەر ئەو مەودایە بپارێزرێت وا لە نێوان تلیاک و سیاسەتدا هەیە، ئەوا مەسەلەی یەکەمیان زۆر جیدی وەرناگیرێت، چونکە خۆی هەمان ئەو وەزیفەیە ئەنجام دەدات کە دەوڵەت لە

کۆتاییدا دەیەوێت ئەنجامی بدات؛ ئەو وەزیفەیە بەتاڵکردنەوەی لیبیدۆ و ئیمکانی ژیانی سوبێکتەکانە لەبری قەرزی کۆمار. ئالوودەبوون هەوڵی سوبێکتە بۆ ڕزگاربوون لەو قەرزە، بەڵام لەسەر حیسابی ژیانی خۆی. لە دۆخە سیاسییەکەدا مەسەلەکە جیاوازە، دەبێت ئیعدام زۆر بە زەقی دەربکەوێت بۆ ئەوەی دەوڵەت سەروەریی خۆی بسەپێنێت. دژایەتیکردنی دەوڵەت هەموو تاوانە شەرعی و یاساییەکانی دیکەی وەک تلیاکفرۆشی، مەشرووبخواردنەوە، کوشتن، سەماکردن، سێکس، قاچاغچێتی و شتی لەم بابەتانەش بۆ تۆمەتبارەکان دەخاتە قاڵبێکی جیدییەوە. سوکرات لە دیالۆگی "بەرگری"دا باس لە دوو جۆری تۆمەت دەکات: "تۆمەتە کۆنەکان" و "تۆمەتە تازەکان". تۆمەتە تازەکان تۆمەتە کۆنە خەفەکراوەکانیش دێننەوە پێش. تۆمەتی سیاسی لە ئێران ڕێک وەک ئەو تۆمەتە تازانەیە کە دەدرێنە پاڵ سوکرات و هەموو تۆمەتەکانی دیکەیان پێ ساغ دەکرێنەوە، وەک سوکراتیش

به حەتمی تۆمەتبار دەبێت بمرێت. لەبەر ئەمەیە کە دەیەها گەنجی کورد بەو تۆمەتە جۆراوجۆرانە ئیعدام دەکرێن، بەڵام لە بنەمادا مەسەلەکە ئەمانە نین، شتێکی بنەڕەتیترە، ئەویش بەشداریی کەم تا زۆرە لە سیاسەتی دژەدەوڵەتدا. ئەمەش شتێکە دەوڵەت چاوی لێ ناپۆشێت. گەر لە کەیسەکەی ڕامین و هاوڕێکانی بڕوانین، دەبینین ڕامین هیچ تاوانێکی ڕاستەوخۆی ئەنجام نەداوە، تەنها ئەوە نەبێت لەژێر بارودۆخێکدا بووە بە ئەندامی پارتێکی کوردی. تۆمەتێکی سەرەکییش کە درابوویە پاڵ زانیار مورادی و لوقمان مورادی، ئەوە بوو چەند ساڵ لەوەوپێش کوڕی مەلایەکیان کوشتووە، بەڵام ئیعدامکردنیان لەگەڵ ڕامیندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە ڕاستیدا لەبەر هەمان فاکتەری ئیعدامکردنی ڕامینە نەک شتێکی دیکە. لە کەیسی ئیسرا غەمغامیشدا بە هەمان شێوە، دادگای سعودیە داوای ئیعدامکردنی غەمغام و چوار چالاکوانی تری کرد بە تۆمەتی دژایەتیی دەوڵەت، بەڵام هەندێک تاوانی دیکەیان درایە

پاڵ کە لە دەرەوەی قەزیەی سیاسی زۆر گرنگییان پێ نادرێت. هەر بۆیە ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس وۆچ باس لەوە دەکات داواکاری گشتیی سعودیە هەندێک تۆمەتی داوەتە پاڵ ئەو چالاکە دەستگیرکراوانە، کە بە واتا باوەکەی تاوان، تاوان نین.

## له دۆخی ئاوارتەدا

کەواتە تاوانبار کێیە؟ دەتوانین بە سادەیی وەڵام بدەینەوە: تاوانبار لە دیوە یاساییەکەیەوە ئەو کەسەیە کە دادگای دەوڵەت بەگوێرەی یاسای سزادان پێی دەڵێت "تاوانبار". ئەگەر وا بێت، ئەوا دەبێت گریمانەی بەرقەراربوونی هەمیشەیی یاسا بکرێت، بەڵام داخۆ هەمیشە یاسا کارایە؟ جۆرجیۆ ئاگامبێن لەمە دەمانخاتە گومانەوە. ئەو باس لە دۆخی ئاوارتە دەکات. دەسەڵاتی سەروەر ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی دۆخی ئاوارتەی بە دەستە. دۆخی ئاوارتەش وەک بنیامین دەڵێت، "خۆی بووەتە ڕێسا". ئەمە ئەو خاڵەیە کە دێریدا و ئاگامبێنیش (بە هەندێک جیاوازییەوە) بۆی دەگەڕێنەوە. لە دۆخی ئاوارتەدا یاسا، بەگوێرەی مەرسوومێک هەڵدەپەسێررێت کە دێریدا پێی وایە هێزی یاسایی هەیە. ئاگامبێن بە چڕی شیکاریی ئەم

تێمایه دەکات و پێی وایه یاسا بەگوێرەی هێزی یاسا هەڵدەپەسێررێت. لە دەستووردا مافی ئاوارتە بە حاکم دەدرێت کە دەسەڵاتی لەناکاوی هەبێت بۆ هەڵپەساردنی یاسا، لەبری ئەوە قسەی خودی حاکم ڕۆڵی یاسا دەبینێت. بەم مانایە، لە دۆخی ئاوارتەدا یاسا لە کار دەخرێت، بەڵام بەگوێڕەی مەرسوومێک کە خۆی لە کەلێنی ناو دەستوورەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو کەلێنەش ناوەوەی دەستوور بۆ دەرەوەی دەستوور ئاوەڵا دەکات، یان ناوەوە لە بەرژەندەوەندیی دەرەوە دەسڕێتەوە. لە دەسەڵاتە سەروەریخوازەکاندا ئەمە بە بەردەوامی ڕوو دەدات، دۆخی ئاوارتە هەمیشەییە، باری لەناکاو چەندین جار ڕادەگەیەنرێت و درێژ دەکرێتەوە، حوکمی عورفی چالاک دەکرێت، کۆمەڵگە ملیتاریزە دەکرێت، بەردەوام سەربازی ئاشکرا و شاراوە لەسەر شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان ئامادەن، قەدەغەی هاتوچۆ دەکرێت و... دەتوانین نموونەی زۆر بهێنینەوە، بەڵام من

لێرەدا باسی دانەیەکیان دەکەم: تورکیا لە وەختی کودەتاکەی ئەم دواییەوە هەتاوەکو ئێستا لە دۆخی ئاوارتەدا دەژی، "پلەی سفری کێشە" (بە دۆزی کوردیشەوە) کە داد و گەشەپێدان لە یەکەم هەڵبژاردنیاندا بانگەشەی بۆ دەکرد، بە تەواوەتی پێچەوانە بووەوە. لەبری ئەوە کێشەی زۆری ناوخۆ و دەرەکی سەریان هەڵدا. لە ناوخۆدا، تاکڕەویی و فاشیزمی ئەردۆگان گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، کێشەی کورد ئاڵۆزتر بوو، پاشەکشەی گەورە لە باری ئابوورییەوە ڕوویدا، ئازادییەکان تا ڕادەیەکی مەترسیدار بەرتەسک کرانەوە، دەستووری گۆڕرا بۆ سەرۆکایەتی، سەرکوتکردن بووە بە میکانیزمێکی بنەڕەتی بۆ کپکردنەوەی ناڕەزایەتی، زیندانییەکان پڕتر بوون و کاریش بۆ گەڕاندنەوەی یاسای ئیعدام کرا (و دەکرێت). لە ئاستی دەرەکییشدا تورکیا گیرۆدەی شەڕ و ململانێ بووە، لە جەنگی سووریاوە گلاوە، لەگەڵ دەوڵەتانی وەک ئەمەریکا و ڕووسیادا

دووچاری کێشەی گەورە هاتووە، هەیبەتیشی وەک دەوڵەتێکی گەورەی هاوپەیمانی ناتۆ تا ڕادەیەکی زۆر ڕووشاوە. ئەمە تەنها یەک مانای هەیە: دۆخی ئاوارتە. ئەگەر لە دیدی ئاگامبێنەوە بدوێین، دەتوانین ئەمە بە قڵپبوونەوەی ***دەوڵەتی دیموکراسی*** بۆ ***دەوڵەتی ئەمن*** لێک بدەینەوە. لە دەوڵەتی ئەمندا هەموان بە شێوەی هێزەکی تاوانبارن. کتومت لەم دۆخی ئاوارتەیەدایە کە گەڕاندنەوەی حوکمی ئیعدام بۆ نێو دەستوور دەبێتە کەڵکەڵەیەکی گەورەی ئەردۆگان، گۆڕینی دەستوور لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتییش لەو پێناوەدا بوو حاکم سەرجەمی ئەو مافانە بۆ خۆی دەستەبەر بکات، کە دەتوانێت بە هۆیانەوە هەموو یاسا - مافەکانی تر هەڵبپەسێرێت و دواجار ئیعدامیش بگەڕێنێتەوە. هەڵبەت ئەمە دۆخی زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکەیە. لە وەها بارێکدا تاوانباری ڕاستەقینە و تاوانباری ناڕاستەقینە جیاکردنەوە هەڵناگرێت و هەموان دەشێت لە هەر ساتێکدا وەک تاوانبارێک

بکوژرێن بەبێ ئەوەی ئەم کردەیە خۆی تاوان بێت و بکوژەکە سزا بدرێت. کوشتنی بەردەوامی "کۆڵبەران" لە لایەن سەربازانی سوپای پاسدارانەوە نموونەیەکی دەقاودەقە. کۆڵبەر جۆرێکە لە هۆمۆساکەر کە لە هەر شوێنێکدا بینران دەشێت بکوژرێن. بەڵام کوشتن جیاوازە لە ئیعدام و ئێمەش خەریکین باسی ئەمەی دووەمیان دەکەین.

لە دۆخی ئاوارتەدا وێڕای ئەوەی لۆژیکی کەمپ زاڵ دەبێت و کوشتن دەبێتە کردەیەکی بەردەوام گریمانەکراو، هیشتا ئیعدام هەر زەروورە هەبێت، چونکە لە نێو بێنەزمی لە کوشتنی بەردەوامدا، دەبێتە نەزم و لە نێو بێڕێساییدا ڕێسادار دەنوێنێتەوە. بە چەمکی ئاگامبێن بدوێین: لە دۆخی ئاوارتەدا ئیعدام *"نۆمۆس"ی* نێو *"ئەنۆمیا"*یە، تاکە کوشتنی ڕێکخراوە کە دەوڵەت ئەنجامی بدات، چونکە نەزمی خودی حاکم دەنوێنێتەوە لەو دۆخەدا کە باری نائاسایی ڕاگەیاندووە. کەواتە گرەوی دۆخی ئاوارتە لەسەر نەمانی یاسا نییە، بەڵکو

لەسەر ناکاراکردنی یاسایە، بەو مانایەی یاسا خۆی دەبێتە کەرەستەی درێژەدان بە دۆخی نائاسایی. ڕەنگە ئەوانەی ئیعدام دەکرێن دادگایی بکرێن، بەڵام دادگاییەک کە عەدالەت و تەنانەت یاسای وڵاتەکەش تێیدا بەرقەرار نابێت. بەشێکی دادگاییەکان خێران و ڕێکاری پێویست ناگیرێنە بەر، بەڵگەنامە و شاهیدەکان وەک پێویست ئامادە ناکرێن و گرنگییان پێ نادرێت، دەرفەتی پێویست بە تۆمەتبار یان پارێزەری تۆمەتبارەکە نادرێت لەبارەی تۆمەتەکەوە بدوێن، دەستەی سوێندخۆران خیانەت دەکەن، دادگا سەربەخۆیی نییە و سەر بە دامەزراوەی حاکمیەتە. لە وەها دۆخێکدا دادگا دەبێتە دادگای دۆخی ئاوارتە یان شتێکی وەک دادگای شۆڕش کە بە خێرایی و بەبێ کارکردن لەسەر کەیسەکە بڕیارەکە یەکلایی دەکاتەوە بەو جۆرەی کە دەوڵەت/حاکم دەیەوێت. ساڵانێکە ئێران لەم دۆخەدا دەژی و لە ئێستاشدا زیاتر کارا بووە. لە کەیسی ڕامینیشدا ئەمە بە ڕوونی دیار بوو. هەموان پێیان وابوو دادوەر بڕیارێکی

چاوەڕواننەکراوی داوە و پەلە لە بڕیارەکەدا کراوە، پارێزەرەکەی ڕامینیش چەندین جار باسی لەوە کرد هەڕەشەی لێ کراوە و ڕێگای پێ نەدراوە بەرگری بکات. لە ڕاستیدا بڕیاری دادوەر چاوەڕوانکراو بوو؛ لە دۆخی ئاوارتەدا هیچ شتێکی چاوەڕواننەکراو بوونی نییە.

## له سەدامەوە بۆ مام جەلال

له ساڵی ٢٠٠٥دا جەلال تاڵەبانیی سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق، واژۆی لەسەر ئیعدامکردنی سەدام حسێن نەکرد. هۆکاری ئەمە ئەوە بوو تاڵەبانی پێشتر پەیماننامەی ڕێکخراوی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام واژۆ کردبوو. ئەم مەسەلەیە بۆ باسکردن سەرنجڕاکێشە، چونکە تاڵەبانی تاکە کەس بوو لە ساڵی ١٩٩١دا لێخۆشبوون نەیگرتەوە و لە غیابی خۆیدا سزای ئیعدامی بۆ دەرکرا. کەواتە کەسێکی مەحکووم بە ئیعدام واژۆ لەسەر ئیعدامکردنی کەسێک ناکات کە پێشتر حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکردووە. ئەمە مەسەلەی "لێخۆشبوون (بەخشین)" دەهێنێتە گۆڕێ، کە دێریدا گەلێک کاری لەبارەیەوە کردووە. دێریدا پێی وایە لێخۆشبوونی ڕاستەقینە هەمیشە

لێخۆشبوونێکی مەحاڵە. ئەوە هیچ گرنگ نییە لە هەڵەیەک خۆش بین کە شایەنی لێخۆشبوونە؛ گەر کەسێک هەڵەیەک یان تاوانێک بەرامبەرم بکات و ئەم کارەی شایەنی لێخۆشبوون بێت و منیش لێی خۆش ببم، ئەوا کەواتە لە هیچ خۆش نەبووم. دێریدا بیر لەو شتە دەکاتەوە کە خۆی ناوی دەنێت "لێخۆشبوونی مەحاڵ"، لێخۆشبوونێکی پەتی کە لە توانای مرۆیی بەدەرە، ئیمکانێکی سەروومرۆییە و بە حیساباتی عەقڵانی لێک نادرێتەوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە مادام مەحاڵە ئیدی لێ خۆش نەبین، بە پێچەوانەوە ڕێک لەبەر ئەوەی مەحاڵە کەوایە دەبێت بیر لە ئیمکانەکەی بکەینەوە. لای دێریدا ئەم لێخۆشبوونە عەفەوی و هەڕەمەکی نییە، بەڵکو لە نێو هەلومەرجی تایبەتیدایە، بۆ نموونە دەبێت لێخۆشبوونێکی پەتی بێت لە دەرەوەی بەرژەوەندیی لایەنێک، هەروەها (مەرجێکی دیکە) هیچ ئیمکانی نوێنەرایەتییش هەڵناگرێت؛ واتە هیچ کەسێک ناتوانێت لەبری من لە تاوانبارێک خۆش ببێت کە تاوانی

بەرامبەر کردووم؛ هەروەها لەجیاتیی بۆ ئەوە بێت تاوانەکە لە بیر بکەین، پتر بۆ ئەوەیە لە بیری نەکەین، بۆ ئەوەی بڕیاری لێخۆشبوونەکەمان ببێتە بەرپرسیارێتییەک لەسەرمان و بمانبەستێتەوە بەو مەرجەوە کە نەهێڵین ئەوەی ڕووی دا، بەسەرماندا بێتەوە. ئەم لێخۆشبوونە دەمانکاتە بەرپرسیار بەرامبەر داهاتووی خۆمان. دێریدا کە بیری لەمە کردووەتەوە، دۆخی جووی سەدەی بیستی لەبەرچاو بووە، کەوایە ناتوانین بیر لە هۆلۆکۆست نەکەینەوە. بۆیە لە چاوپێکەتنێکدا ئیلیزابێس ڕۆدینیسکۆ لە دێریدا دەپرسێت: "ئایا دەشیا لە ئەدۆڵف ئایشمەن خۆش ببووینایە و ئیعداممان نەکردبا؟" بۆ ئێمەی کورد دەتوانین ناوی سەدام حسێن لە جێگای ناوی ئایشمەن دابنێین؛ هەموان دەتوانن ناوی لویسی ١٦، ڕۆبسپیر، مۆسۆلینی، قەزافی و هیی تر دابنێن. بە جۆرێکی تریش دەکرێت بپرسین: "گەر دژ بە ئیعدام بین و گەر بەپێی یاسا ئیعدام قەدەغە بێت، داخۆ ئەبێت ئایشمەن و سەدام لە ڕێساکە

ئاوارته بکەین؟ لەم کاتەدا واژۆنەکردنەکەی تاڵەبانی مەدلوول وەردەگرێت، بەڵام هێشتا لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ ئەم باسە کاڵوکرچ دەمێنێتەوە، چونکە هەڵوێستەکەی ئەو تاکەکەسییانە دێتە بەرچاو و وادیارە پتر خۆلادان بوو نەک لێخۆشبوون. گەر لەم دیوەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، دەتوانین بڵێین تاڵەبانی (وەک کەس) پەیوەست بوو بەو واژۆیەوە کە دژ بە ئیعدام کردبووی، بۆیە خۆی لە واژۆکەی تریان لا دا کە ئەگەر بیکردایە، واژۆی یەکەمیانی پووچەڵ دەکردەوە. هەر واش بوو؛ تاڵەبانی بۆ ئەوەی خۆی لەم تەنگژەیە دەرباز بکات، سەفەرێک بۆ دەرەوەی عێراق دەکات و کارەکە دەسپێرێتە نوری مالیکیی سەرۆکوەزیران. لێرەدا لێخۆشبوون لەئارادا نییە، هەر لە بنەڕەتیشدا لێخۆشبوون لە سەدام حسێن مەحاڵ بوو، پەیوەستیش بوو بە ویستی گەلانی ستەملێکراوی عێراقەوە نەک ئیختیارێک بێت لە دەستی تاکەکەسێکدا. بەڵام شتێکی زیادەی تر هەیە کە لە سەرووی

هەڵوێستەکەی تاڵەبانییش خۆیەوەیە، ئەویش مەسەلەی گواستنەوەی دەسەڵاتە لە حاکمیەتدا.
پێشتر گوتمان لە دەسەڵاتە سەروەرییەکاندا بڕیاری لێخۆشبوون مافی ڕەهای حاکمە. گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتە، بە شێوە ئاساییەکەی خۆی، ئەوەیە لە وەختی سەرەمەرگی حاکم یان لە دوای مەرگی حاکم بە ڕێوڕەسمێک کەسێکی دیکە بۆ وەرگرتنی پێگەی حاکم دیاری دەکرێت، کە زۆر جار بەگوێرەی ڕاسپاردە و وەسێتی خودی حاکمە مردووەکە دادەنرێت. ئاگامبێن بە وردی باس لەم پرۆسەیە دەکات. بێگومان دەسەڵات لە عێراقی سەدام حسێندا سەروەری بوو، حاکم جەستەی پیرۆز و گشتیی دەنواندەوە؛ وەک دەشزانین گواستنەوەی دەسەڵات لە ٢٠٠٣دا نە لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی گواستنەوەی سەروەری بوو بۆ حاکمێکی دیکە (بەو جۆرەی ئاگامبێن باسی دەکات)، نە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراسییەوە بوو، نە لە ڕێگەی شۆڕشیشەوە، بە سادەیی لە ڕێگەی زەبری

هێزێکی دەرەکیی داگیرکارەوە بوو کە سەروەریی دەسەڵاتی عێراقی پێشێل کرد و حاکمیەتەکەی ڕووخاند. مافی ڕاگەیاندنی دۆخی ئاوارتە و دۆخی جەنگ و سەرجەم مافەکانی تری حاکم، وێڕای هەر شتێکی دیکە، پاساوی خۆی لە بوونی هێزی دەرەکیی دوژمن لە نزیکی سنوورەکانەوە، وەردەگرت. کاتێک هێزی داگیرکەر دێتە ناوەوە، ئیدی مانایەک بۆ ئەو سەروەرییە نامێنێتەوە کە حاکم دەسەڵاتەکانی خۆی لێوە وەردەگرت، چونکە ئەوەی لە دەرەوە حاکمیەتەکەی ناوەوەی ڕادەگرت، ئێستا خۆی لە ناوەوەیە، بۆیە سەرجەمی دەسەڵاتە ناکاوەکان و مافەکان لە حاکم دادەماڵرێن کە دەیتوانی بە هۆی مەترسیی هێزە دوژمنە دەرەکییە/نزیکەکەوە مومارەسەیان بکات (وەنەبێت دوای ئەوە ئیدی کۆتایی بە حاکمیەت و ستەمکاری هاتبێت، نەخێر، بەڵام لەم دۆخەدا عێراق بووە کۆلۆنی و وڵاتێکی داگیرکراو کە لە لایەن هێزە داگیرکەرەوەکەوە بەڕێوە دەبرا، ئەوەش بە تیۆرییەکی دیکە دەخوێنرێتەوە و

کەمێک لە باسەکە دوورمان دەخاتەوە). ئەوەی مەبەستمانە، مەرگی حاکمە وەک ڕەمزی دەسەڵاتی سەروەری، کاتێک قەڵەمڕەوییەکەی داگیر دەکرێت. بۆچی دەبوو سەدام حسێن، وێرای واژۆنەکردنەکەی جەلال تاڵەبانی، لە سێدارە بدرێت؟ پێم وایە ئیعدامکردنی سەدام حسێن بەرلەوەی بە هۆی تاوانەکانیەوە بێت، بە هۆی لۆژیکێکی نائاگایانەوە بوو، کە پەیوەستە بە مەسەلەی سەروەری - دیکتاتۆرییەوە. حاکمی دیکتاتۆر دەبێت بمرێت بۆ ئەوەی سەردەمەکەشی کۆتایی پێ بێت، بۆ ئەوەی هیچ تەمومژ و ئاڵۆزییەک لە دوای خۆی جێ نەهێڵێت و هەموان دڵنیا بن لەوەی مردووە. ئەو هەموو حیکایەت و خورافەتەی سەبارەت بە ئەگەری نەمردنی هیتلەر تا ئێستاش دەگێڕرێتەوە، ڕیشەکەی لەوەدایە کە مردنی هیتلەر مردنێکی نەبینراو بوو لە دۆخی جەنگدا، نەک مردنێکی ئاشکرا بە ئیعدام لە دۆخی دوای جەنگدا. هێشتاش تا ئەم دواییەش باس لەوە دەکرا هیتلەر لە چەند وڵاتێکی ئەمەریکای لاتین

بینراوە، تەنانەت چەند وێنەیەکی کەسێکیش بڵاو کرایەوە گوایە ئەو کەسە هەر هیتلەرە. مەرگی ستالینیش نموونەیەکی ترە؛ هێشتاش ئەوە ساغ نەبووەتەوە داخۆ ستالین بە نەخۆشی مردووە یان دەرمانخوارد کراوە. بگرە دوای ئیعدامی سەدام حسێنیش خەڵک بە ئاسانی بڕوای نەدەکرد، هەندێک باسی هاوشێوەی سەدامیان دەکرد، هەندێکی تر دەیانگوت بە شێوەیەکی تایبەت گواستراوەتەوە بۆ ئەمەریکا. ئەم جۆرە خەیاڵسازییە هەمیشە بۆ مەرگی ناسروشتیی دیکتاتۆرەکان دروست دەکرێت. سەدام تەنها خۆی نەبوو، ئەو بەرجەستەکەری حاکمیەتێکی دیکتاتۆری بوو کە خەڵکی چاوەڕوانی مردنە مەحاڵەکەی بوون، بە خەیاڵی ئەوەی دیموکراسیەتی پلورال و سەقامگیری دابمەزرێت و دۆخی ئاوارتە کۆتایی بێت. بە مانایەکی تر، جەستەی سۆڤەرین دەبێت بمرێت، بۆ ئەوەی جەستەیەکی دیکەی نەمر جێگای نەگرێتەوە.

## لە نێوان هۆگۆ و بودلێردا

دواجار سەدام حسێن تاوانبارێکی گەورە بوو کە تەنها دەتوانین بە شێوەی مەحاڵ بیر لە لێخۆشبوونی بکەینەوە. ئەی داخۆ دەتوانین لە یاسا خۆش بین ئەو کاتەی بە هەڵە کەسێک/کەسانێک ئیعدام دەکات؟ لارس فۆن تریەر لە فیلمی سەماکەری ناو تاریکیدا (*Dancer in the Dark*) چیرۆکی دایکێکی نابینا پیشان دەدات، کە بە هەڵە لە لایەن دادگاوە ئیعدام دەکرێت. فیلمەکە، وێڕای ئایدیاکانی تری نێوی، کێشەی "شاهید"یش لە خۆ دەگرێت. تاکە شاهید لەسەر ڕاستیی ڕووداوەکە کامێراکەی فۆن تریەرە کە وێنەی ڕووداوەکەی گرتووە. لە سەردەمی دیجیتاڵ و

تەکنۆلۆژیای بینیندا مەسەلەی "شاهیدی" مانا کۆنەکانی لە دەست دەدات؛ شاهید چیتر کەسەکان نین، شایەتیدانیش گێڕانەوەی شایەتحالان نییە، ئەمانە پلەیەک دێنە دواوە بۆ ئەوەی کامێرا و وێنە و ڤیدیۆ جێگایان بگرنەوە. دادگا حیساب بۆ کامێراکەی تریەر ناکات، بۆیە لەسەر بنەمای گێڕانەوەکان پەنا بۆ خەملاندن دەبات؛ خەملاندنێکی هەڵە. بەلام ئەوە یاسا خۆی نییە کە دوای هەڵەکەی بە هەڵەکە بزانێت. یاسا هەرگیز بە هەڵەی خۆی نازانێت، هەرگیزیش دووڵ نییە لە بڕیارەکانی. ئیعدامکردنی هەڵە بۆ دادگا حاڵەتێکی دەگمەن نییە و بەردەوامیش دووبارە دەبێتەوە. بەلام گەر یاسا بە هەڵەکەشی بزانێت، ئەوا ئەمە هەڵەیەک نییە قەرەبوو بکرێتەوە. یاسا هەمیشە تۆزێک درەنگ بە هەڵەی خۆی دەزانێت، وەختێک کە بە شێوەیەکی قەرەبووهەڵنەگر هەموو شتێک تەواو بووە. کێشەکەش لە هەڵەی دادوەرێکدا کورت نابێتەوە، ئیمکانی ئەم هەڵەیە هەموو کات و لە هەموو شوێنێکدا هەیە و

لێرەولەوێ تەنانەت لە دادگا هەرە دادپەروەر و مەدەنییەکانیشدا ڕوو دەدات. کەوایە تەنها لەبەر ئەم هەڵەیەش بێت وا پێویست دەکات دژ بە یاسای ئیعدام بین، چونکە ئەم هەڵەیە خودی یاسا دەیکات، واتە شتێک کە خۆی بۆ دادگایی ناشێت.

خەبات دژ بە ئیعدام دەبێتە گوتارێک کە پێی دەگوترێت "گوتاری هەڵوەشاندنەوەی ئیعدام" (*abolitionist discourse*). ڤیکتۆر هۆگۆ سەرەتاکانی ئەم گوتارەی داڕشتووە و لە شانۆنامەی "کۆتا ڕۆژی حوکمدراوێک"دا خستوویەتیە ڕوو. بە بڕوای ڤیکتۆر هۆگۆ ئیعدام تەنها سزای تاوانبار نییە، بەڵکو سزای خانەوادە و خۆشەویستانی تاوانبارەکەشە، بۆ نموونە دایک، هاوسەر، منداڵ و هیی تر. یاسای ئیعدام تاک وەک کەسێکی دابڕاو لە هەموو ئەمانە دەبینێت، وەک کەسێک کە هیچ پەیوەندییەکی ڕۆحی و جەستەیی بەوانی ترەوە نایبەستێتەوە. هۆگۆ دەڵێت، ئەوە تاکگەراییە کە تاک دابڕاو لە هەموو ئەوانی تر دەبینێت و

تەنها وەک بەرپرسی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە وەک جەستەیەکی تاکەکەسییش لە نێوی دەبات. گەر لە کەیسی ڕامین ورد ببینەوە، دەزانین یاسا تەنها مامەڵەی لەگەڵ ڕامیندا کردووە و هیچ کەسێکی تری لەبەرچاو نەگرتووە، لەوانە دایک و باوکە پیرەکەی. یاسا ڕامین لە نێو دەبات، بەڵام برینێکی سارێژنەبووش دەخاتە ناو هەناوی دایکیەوە، کە کەسێکی بێتاوانە. واتە گەر لە تاوانباری و بێتاوانیی ڕامینیش بگوزەرێین، هێشتا شتێک دەمێنێتەوە کە بۆخۆی لە تاوانێکی مەعنەوییە یاسا دەچێت بەرامبەر کەسێکی بێتاوان: مەحرووومکردنی ئەبەدیی دایکێک لە کوڕەکەی. ئەمە ئەو شتەیە کە لە مەسەلەی ئیعدامدا یاسا بەهەند وەری ناگرێت، چونکە یاساکە خۆی زیاتر لەسەر بنەمای حیساب و پێوانەکردنێکی پۆزەتیڤیستانەی تاوان و سزا پێک هاتووە.

بە پێچەوانەی هۆگۆوە، بودلێر لە لایەنگرانی حوکمی ئیعدام و لە ڕەخنەگرانی گوتاری هەڵوەشاندنەوە بووە. دێریدا بەو ڕەخنەیەی

بودلێردا چووەتەوە وا لە هەڵوەشاندنەوەی ئیعدام (*abolitionism*)، یان لە گوتاری ڕەتکەرەوەی ئیعدامی *abolitionist discourse*) هۆگۆی گرتووە. "لای هۆگۆ مافی ژیان تاکە مافی ڕەهایە، بۆیە ئیعدام دووجاکردنەوەی لەنێوبردنی ژیانە." ئەوەی کەسێک دەکوژێت ژیانێک لە نێو دەبات، ئەوەی بکوژەکە دەکوژێت ژیانێکی دیکە لە نێو دەبات؛ ئیعدام تاوانێکی دیکەیە بۆ سەر تاوانی یەکەم (خۆ ڕەنگە ئەمە ستایشکردنێکی زێدەڕەوانەی مانەوە بێت، نەک ژیان بە مانا فەلسەفییەکەی. ژیان لە پێناسەیەکی دیکەدا بریتییە لە وزەی جووڵە و گۆڕانکاری، ئیرادە و ویست بۆ داهێنان، مۆتیڤی نەگیراو کە دەچێتە ململانێوە لەگەڵ هەر هێزێکدا بیەوێت کۆنترۆڵ و سنووردار و قاڵبڕێژی بکات). بودلێر دژ بەم ستایشکردنە زێدەڕەوانەیەی ژیانە و پێی وایە "گوتاری هەڵوەشاندنەوە دووجاکردنەوەی تاوانە [دوو هێندە تاوانبارانەیە]". لای بودلێر ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی ئیعدام دەکات،

لە مەرگی خۆی دەترسێت؛ ئەوانەی دژ بە ئیعدامن خۆیان هەست بە تاوان دەکەن، لە لەدەستدانی ژیانی خۆیان دەترسن، لە پێستی خۆیان دەترسن، بۆیە بۆ هەر کەسێکی دیکەش ڕەتی دەکەنەوە. ئەوان دەترسن، چونکە خۆیانیان بیر دەکەوێتەوە. ئاوا بودلێر، کەمێک دەروونشیکارییانە، گوتارەکە سوبێکتیڤ دەکاتەوە. ئەم بێئینسافییەی بودلێر، هۆگۆ خۆی پێشتر ناڕاستەوخۆ وەڵامی داوەتەوە. لە پێشەکیی چاپی چوارەمی کتێبەکەیدا (١٨٣٢) ڕوونی دەکاتەوە هەڵوەشانەوەی ئیعدام پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەو پێی وایە ئەم داوایە ئەنانیەتی بەرژەوەندیخوازانەی هەندێک کەسی چینەکانی سەرەوە نییە، کە لە ترسی داهاتووی خۆیان لەسەری مکوڕ بن: "ئەگەر ئێوە سزای ئیعدام هەڵبوەشێننەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بن خۆتان بەرژەوەندیتان تێیدا هەبێت، ئەوا ئێوە کارێکی سیاسیتان ئەنجام داوە، بە مانای وشە کارێکی کۆمەڵایەتیتان ئەنجام داوە." ئەم پرۆژە کۆمەڵایەتییە، بە

قەولی هۆگۆ، شۆڕشەکانیش خۆیانیان لێ بواردووە؛ ئیعدام سزایەکە تا ئێستا شۆڕشەکانیش نەیانسڕیوەتەوە، تەنها بە جۆری دیکە و لەژێر ناوی دیکەدا درێژەیان پێ داوە. کەواتە شۆڕش پرۆسێسێکی ناکامڵ دەمێنێتەوە ئەگەر سڕینەوەی ئیعدامیشی بە ئامانج نەگرتبێ. شۆڕش گەر گۆڕانی ڕاستەقینە لە ژیاندا بکات، پێویستی بە بەردەوامێتیی سزای ئیعدام نییە؛ گەر پێشکەوتنی مێژوویی شایستە بە مرۆڤ ***لە عەدالەتدا*** وەدی بهێنێت، پێویستی بە مەقسەڵە نییە. لە ئانوساتی شۆڕشدا هێزە دژەشۆڕشەکان هەر هەن، ڕەنگە هەندێک لە بکەرانیان لە شەڕی ناوخۆدا بکوژرێن، سزا بدرێن، زیندانی بکرێن، بەڵام ئیعدامکردن پرسیارە بۆ سەر ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕش خۆی.

لای هۆگۆ هێشتاش مەسیحیەتێک هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خودی مەسیحی لەخاچدراو، تاوەکو بیکاتەوە بە گژ کەنیسەدا کە پشتیوانی لە حوکمی ئیعدام دەکەن. ئەلبێر کامۆ

لەمە ڕادیکاڵتر، پێی وایە ئەستەمە لە جیهانێکی نائایینیدا حوکمی ئیعدام بەردەوام بێت. بەگوێرەی کامۆ، کەنیسە هیچ کاتێک دژ بە ئیعدام نەبووە، بە پێچەوانەوە لایەنگیری بووە، چونکە بە بڕوای کەنیسە کاتێک تاوانبار خۆی ڕووبەڕووی مەرگ دەبینێت، دەگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی و تەوبە دەکات، پاک دەبێتەوە و ئامادە دەبێت بۆ مەرگ، بەم جۆرە کەنیسە ئەندامێکی برایانی ئیماندار ڕزگار دەکات. لای کەنیسە ئیعدام تەنها ئامرازی بەرگریکردن نییە، بەڵکو ئامرازێکی کارای ڕزگاربوونی مەسیحییانەشە. کامۆ نموونەی قسەی یەکێک لە جەللادەکانی فرایبۆرگ دەهێنێتەوە: "ئەی مەسیحی گەورەم، تۆ خۆت قازییت!" بەم جۆرە جەللاد لە وەزیفەیەکی موقەدەسدا بەرهەم دەهێنرێتەوە. لە وڵاتە ئیسلامییەکانیشدا بە هەمان شێوە: شەریعەت کە بنچینەی یاسایە، بە دەق و تەئویل ڕەوایەتی بە ئیعدامداوە و یاساکانی دەوڵەتی ئاسمانی کردووەتەوە؛ فەتوای مەرجەعیەت و موفتییەکان لەمسێکی پیرۆز

بوون بۆ سەر حوکمەکانی ئیعدام. لە لایەنی دووەمیشەوە، دەوڵەت ئەحکامە شەرعییەکانی لە فۆڕمی یاسای مۆدێرندا دارِشتووەتەوە. کەواتە یەکێک لە هەنگاوەکانی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام، پچڕاندنی پەیوەندیی ئایین و سیاسەتە. ئەگەرچی ئەمە مانا گشتییەکەی سێکیولاریزمە، بەڵام مەبەستە سەرەکییەکە ئەمە نییە (بە بڕوای کارڵ شمیت، دەوڵەت ئەوەی بۆ خۆی وەرگرتووە کە هیی خودا بوو)؛ مەبەست داماڵینی پیرۆزییە لە حوکمەکان.

خاڵێکی دیکەی گرنگ بۆ کامۆ، هەڵوەشاندنەوەی هاوشوناسیی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، تێکدانی ئەو تەباییەیە کە لە نێوان ئەم دوانەدا بەرپایە. پێویستە کۆمەڵگە خۆی لە دەوڵەت جودا بکاتەوە، تاوەکو دژ بە تاوانی کوشتنەکانی دەوڵەت بوەستێتەوە. دروستبوونی کەلێن لە نێوان ئەم دوانەدا مانای سەرهەڵدانی ململانێیە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. بە بڕوای کامۆ، ئەو تاوانی کوشتنانەی کە تاکەکان

ئەنجامی دەدەن، کەمترە لەوەی دەوڵەت مومارەسەی دەکات. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێویستە کۆمەڵگە نەک تەنها بەرەنگاریی تاکە تاوانبارەکان بکات، بەڵکو پێویستە بەرەنگاریی دەوڵەتیش ببێتەوە. ئەوەی بەڵگەنەویستە، هیچ کۆمەڵگەیەک بێ تاوانبار نییە، بەڵام هەر تاوانێک هەلومەرجێکی گشتی و هەلومەرجێکی تاقانەی خۆی هەیە، مێژووی دیار و شاراوەی هەیە (بۆ نموونە، کامۆ باسی تاوانی بەدمەستەکان دەکات)، کێشەی یاساش ئەوەیە لەجیاتیی پشکنینی ئەم هەلومەرجانە، قاڵب و ماشێنی هاوتاکردنەوەی هەیە. واتە تاوانە لێکچووەکان، کە هەلومەرج و پاڵنەر و مۆتیڤیان جیاوازە، بەگوێرەی دەقەکان لەگەڵ یەکتردا هاوتا دەکاتەوە، لەمەشدا تاوانبار تەنها وەک تاکە بەرپرس لە کارەکەی خۆی دەبینێت.

هەردوو نووسەرە دژەئیعدامەکە (هۆگۆ و کامۆ)، هاوڕان لەسەر ئەوەی ئیعدام، وێڕای ئەوەی لەژێر ناوی زەروورەتدایە، هیچ زەروورەتێکی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی نییە. گەر

بۆ تۆڵەکردنەوەی کۆمەڵگە بێت لە تاوانبارەکان، ئەوا ڕەوایەتیی تێدا نییە، چونکە تۆڵەکردنەوە شتێکی فەردی و سنووردارە لە نێوان دوو لایەنی کۆنکرێتدا؛ گەر بۆ ئەوە بێت تاوانبارەکان دووبارە تاوان نەکەنەوە، ئەوا زیندان هەیە، وەک هۆگۆ دەڵێت: "مادام زیندان هەیە، ئیتر ئیعدام بۆچی؟" گەر بۆ ترساندنیش بێت، ئەوا ڕەنگە ببێتە مایەی دەمارگرژی بۆ هەندێک و بێباکییش بۆ هەندێکی تر. کامۆ نموونەی کەسانێک دەگێڕێتەوە کە بە هۆی تاوانی دزییەوە ئیعدام دەکرێن، خەڵکانێکی زۆریش لە دەوری ستەیجەکە کۆ دەبنەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە ئەوان لە دەمی ئەوەدان لەسەر دزی ئیعدام بکرێن، چەند حاڵەتێکی دزی لە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا ڕوو دات. لێرەدا ئیعدام وەزیفەیەکی بەتاڵی هەیە. دواجار ئیعدام لەو مردنە دەچێت کە مۆریس بلانشۆ لەبارەیەوە دەڵێت... "ئەو مردنەی کۆتایی بە هیچ شتێک ناهێنێت."

## سەرچاوەکان


- Albert Camus: Resistance, Reflections On The Guillotine, in *“Rebellion and Death”*, Translated and Introduction by: Justin O’brien, The Modern Library (New York ١٩٦٣), Pp. ١٣١-١٧٦.

- Jacques Derrida: The Death Penalty, (The Seminars of Jacques Derrida) Vol. ١, Edit by: Geoffery Bennington, Marc Crépon and Thomas Dutoit, Translated by: Peggy Kamuf, Thu University of Chicago Press (Chicago and London ٢٠١٤).

- Judith Butler: On Cruelty, London Review of Books, ١٧ July ٢٠١٤. https://www.lrb.co.uk/v٣٦/n١٤/judith-butler/on-cruelty

- Vector Hugo: The Last Day of The Condemned man, Translated by: Eugenia De B., The University of Adelaide Library, (South Australia ٢٠١٤).

- جاك دريدا- اليزابيث رودينيسكو: ماذا عن غد؟ "محاورة"، ترجمة عن الفرنسية: سلمان خرفوش، قدم له د. فيصل دراج، دار كنعان للدراسات و النشر و الخدمات الإعلامية، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠٠٨.

- جورجو اغامبين: حالة الاستثناء (الانسان الحرام)، ترجمة: ناصر اسماعيل، مدارات للابحاث والنشر، الطبعة الأولى، ٢٠١٥.

- فريدريتش نيتشه: في جينالوجيا الأخلاق، ترجمة: فتحي المسكيني، منشورات دار سيناترا- المركز الوطني للترجمة، تونس، ٢٠١٠.

www.didimn.com